# وەك ئەوەی ژیان لەوێ بێت

## سێینەیەکی شانۆیی

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٩٣٤)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.info**

## ■ وەك ئەوەی ژیان لەوێ بێت

## سێینەیەکی شانۆیی

نووسین: دانا رەئووف

دیزاینی ناوەوە: شەماڵ وەلی

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپی: یەکەم، چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠٢٠ کوردستان - سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٩٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

ژمارەی نێودەوڵەتیی کتێب

ISBN 978-91-639-8916-2

دانا ڕەئووف

# وەك ئەوەی ژیان لەوێ بێت

## سێینەیەکی شانۆیی

سلێمانی - ٢٠٢٠

# پێڕست

**بەشی یەکەم:** لە کازیوەدا تاریک داهات ل: ٩

**بەشی دووەم:** لە خۆرئاوابووندا لەوێ بووم! ل: ٩٥

**بەشی سێیەم:** وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت ل: ١٢٥

# بەشی یەکەم

## لە کازیوەدا تاریک داهات

## کارەکتەرەکان

سیامەند

مەستانە

نەشمیل

## ڕووناکی

[مۆســـیقا و گـــۆرانییەک لە
دوورەوە دەبیستریێت، هێدی
هێدی نامێنێت]

**سیامەند**

دەڕۆیت؟

**مەستانە**

بەڵێ.

**سیامەند**

نابێت کەمێک بیر بکەیتەوە؟

**مەستانە**

دەمێکە بیر دەکەمەوە!
[وچان]

**سیامەند**

ئەوە دوا بڕیارتە؟

**مەستانە**

بەڵێ.

[بێدەنگی]

چیی تر ناتوانم لێرە بمێنمەوە.

**سیامەند**

ئەی کچەکەمان؟

**مەستانە**

ناتوانم لەگەڵ تۆدا بژیم.

**سیامەند**

کچەکەمان زۆر منداڵە.

**مەستانە**

من ئەو ژنەی جاران نیم.

**سیامەند**

تێناگەم؟

**مەستانە**

لە چی تێناگەیت؟

**سیامەند**

توانای تێگەیشتنم نەماوە!

[وچان]

هەموو شتەکان گۆڕاون!

**مەستانە**

هەموو شت وەک خۆیەتی و هیچ شتێک نەگۆڕاوە.

**سیامەند**

چی وەک خۆیەتی؟

**مەستانە**

هەموو  شتێک.

**سیامەند**

تێناگەم.

[وچان]

زۆر ترسناکە!

**مەستانە**

چی ترسناکە، من لە تۆ تێناگەم؟

[بێدەنگی]

**سیامەند**

کۆرپەکەمان!

**مەستانە**

تا زوو بڕۆم درەنگە. لێرەبوون مردنە!

**سیامەند**

مردن؟

**مەستانە**

لێرەبوون، مردنە.

**سیامەند**

هەر دەڕۆیت؟

[وچان]

کچەکەمان هێشتا پێی نەگرتووە.

**مەستانە**

ئەوە هەر زۆر باشە.

**سیامەند**

بۆچی باشە؟

**مەستانە**

نە من هۆگری ئەو دەبم و نە ئەو هۆگری من دەبێت.

ئێستا بڕۆم باشترە. بۆ هەمووومان باشترە.

**سیامەند**

بۆ هەمووومان! چۆن بۆ هەمووومان باشترە؟!

**مەستانە**

تۆ باوکێکی باش دەبیت. دەزانم.

**سیامەند**

چی دەزانیت؟

[بێدەنگی]

تۆ هیچ نازانیت!

**مەستانە**

تۆ لە ڕابردوودا دەژیت. خەون دەبینیت و زۆر دووریت لە منەوە. من دەمەوێت لە ئێستادا بژیم. لە ئایندەدا بژیم.

[وچانێکی کورت]

تۆ زۆر دووریت لە منەوە!

**سیامەند**

هەموو شادییەک ئازاری تایبەت بە خۆی هەیە، هەموو ئازارێکیش بڕێک لە شادیی تێدایە.

[پێدەکەنێت]

بیرتە، کە تازە یەکمان ناسی بوو، وات دەگوت؟

**مەستانە**

ئازارەکانیش هێندەی شادییەکان پێویستن.

[وچانێکی کورت]

چێژ لە ئازارەکانت وەربگرە.

**سیامەند**

ئێمە زۆر تەنیاین. پێکەوە تەنیاین و بەبێ یەکتریش هەر تەنیاین.

**مەستانە**

بۆیە دەبێ بڕۆم.

[وچان]

دەبێ بیر لەو شتانە نەکەمەوە، کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە.

**سیامەند**

شتی چی، چی لە ڕابردوودا ڕووی داوە؟
[سەیری مەستانە دەکات، بە سۆزەوە]
لە بیرتە هەمیشە دەتگوت هەرچۆنێک سەیری ئەم پەیوەندییەی خۆمان دەکەم، وەکو سیحرێک دێتە بەرچاوم؟

**مەستانە**

سیحرێک بوو لەپڕ بەتاڵ بووەوە.

**سیامەند**

گوتت چی؟

**مەستانە**

نازانم.
[وچان]
هیچ، هیچم نەگوت.

[سەیری سیامەند دەکات، بەرەو دەرگاکە دەڕوات]

ئەو سیحرە بەتاڵ بووەوە. ڕووناکی لە چاومدا نەماوە و بیری ئەو دەکەم.

**سیامەند**

بیری کێ دەکەیت؟

**مەستانە**

خۆت دەزانیت!

[بێدەنگی]

مـن زۆر دەمـێکە ئەو دەناسـم. بەر لە تـۆ ناسـیومە. بەر لە تۆ، ئەوم خـۆش ویسـتووە. بەر لە تۆ، من بە خەیـاڵ هەر لەگەڵ ئەودا دەژیام و سەردانیم دەکرد. بەر لە تۆ، لەگەڵ ئەودا نووسـتووم. منـداڵیم لەگەڵ ئەودا بـووە. کە تـۆیش هاتیـت تەنهـا ئەو بۆشـاییەی ئەوت بـۆ پـڕ کردمەوە. تۆم خۆش ویست، بەڵام ئەو زیاتر. نـەمتوانی ئەوم بیر بچێتەوە. ئەو بەشێک بوو لە ژیانە نهێنییەکەم.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

سەیرە.

[سەیری مەستانە دەکات]

**مەستانە**

چی سەیرە؟

**سیامەند**

هـیچ شـتێکم لە منـداڵیم بیـر نەمـاوە. هـیچ شـتێک! هەر وەک ئەوەی نەژیـابم. لە بیـرم نـایەت ڕۆژێـک لە ڕۆژان باوکم لێی دابم، دایکم لە ئامێزی گرتبم، لەگەڵ خوشـکە گەورەکەم یـاری، یـان شـەڕمان کردبێت، لای نەنکـم و بـاپیرەم مـابێتمەوە، لە کـۆڵان لەگەڵ هاوڕێکـانم یـاریم

کردبێت، مامۆستایەک لێم تووڕە بووبێت، یان پێی گوتبم، ئافەرین.
[وچان]
هەر هیچ شتێکم بیر نییە. سەیرە! هەر وەک ئەوەی نەژیابم.
[بێدەنگی]
چیی تر هەست بە تووڕەیی ناکەم، هەموو شتێک تەواو بوو. گەیشتمە وێستگەی کۆتایی و بە تەنها دابەزیم. ئەوەی ماوەتەوە یادەوەرییەکان و خەمێکی گەورەیە.

**مەستانە**

من لێت دوور دەکەومەوە، بۆ ئەوەی ژیانت پێ ببەخشم.
[وچانێکی کورت]
هەرگیز نەمویستووە دوور بم لە تۆ، بەڵام هیچ ڕێگەیەکی ترم نییە.

**سیامەند**

کە مردم وێنەیەکم بگرە.
[هەردووکیان پێ دەکەنن]
کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

**مەستانە**

ئەم کۆتاییە ناخۆشانە پێمان دەڵێن ژیان هێشتا بەردەوامە.
[وچانێکی کورت]

**سیامەند**

منـدااڵ بە دەنـگە ناسـکەکەی دەتوانێـت ئەوەی تـاریکە، تــاریکتری بکــات. کە منــداڵێک ترســا، بــزانە شــتێک بەڕێوەیە.

**مەستانە**

سەرماتە؟

**سیامەند**

گوتت چی؟

**مەستانە**

گوتم سەرماتە؟

**سیامەند**

من؟

**مەستانە**

بەڵێ، کەسی تر لێرە هەیە؟

**سیامەند**

نەخێر، سـەرمام نیـیە. هەرچەنـدە ژوورەکە ساردیشــە، بەڵام سەرمام نییە، ئەو هەستەم تیادا مردووە.

[وچان]

هەست بە سەرما ناکەم.

**مەستانە**

کات دەڕوات.

**سیامەند**

چی دەڕوات؟

**مەستانە**

بیری ئەو دەکەم.
[بێدەنگی]
هەمــوو کەســێک شــتێکی نهێنــی لە نــاوەوەی خۆیــدا شاردووەتەوە، شتێک کەسی تر ناتوانێت بیبینێت.
[وچانێکی کورت]

**سیامەند**

هەر دەبێ بڕۆیت؟

**مەستانە**

بەڵێ.

**سیامەند**

نابێ کەمێک بیر بکەیتەوە؟

**مەستانە**

دەمێکە بیر دەکەمەوە!
[وچان]

**سیامەند**

ئەوە دوا بڕیارتە؟

**مەستانە**

بەڵێ.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

تـۆ کەسـێکت زۆر خـۆش ناوێـت، کەچـی دڵـی خـۆتی بەتەواوی دەدەیتـێ، کە وایـش دەکەیت، چیی تـر خـۆت خاوەنی دڵی خۆت نیت.

**مەستانە**

ساڵێکی تەواو هیچ بیرم لەو نەکردەوە، ساڵێک تێپەڕی بەبێ ئەوەی ئەوم لە بیر بێت.

[وچان]

لەپـڕ بیـرم هـاتەوە، چەنـدێکە ئەوم بەتەواوی لە یـاد کردووە، ئیتر کەوتەوە یادم. هەستم کرد چەندە خۆشـم ویستووە.

[ڕووی خـۆی وەردەگێڕێـت. بە شەرمەوە]

بە دزی تۆوە چووم بۆ لای.

**سیامەند**

بڕۆ.

**مەستانە**

بۆ کوێ بڕۆم؟

**سیامەند**

مردووەکان، یەکەم شەو نایەڵن بنووین.

**مەستانە**

بە دڵێکی تەنگ و گرانەوە، هەر وەک ئەو بەردەی فڕێ دەدرێتە دەریاچەیەکەوە، چوومە دەرەوە.
[بێدەنگی]
هەست دەکەم لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا ژیاوم.

**سیامەند**

من لە مەرگ ناترسم، لە سبەینێ دەترسم!

**مەستانە**

سبەینێ؟

**سیامەند**

کە تۆ بڕۆیت و ئیتر نەتبینمەوە.
[وچانێکی کورت]
کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

**مەستانە**

[بێدەنگی]
هەست دەکەم لێرە نیم.

**سیامەند**

من حەزم لەو ژنانەیە، کە دڵنیا نین.

**مەستانە**

ماندووم.

**سیامەند**

بنوو. بڕۆ بنوو.

**مەستانە**

تۆ دەڵێیت، من قسە زۆر دەکەم.

**سیامەند**

چەند حەز دەکەم سەیرت بکەم، کە قژت شانە دەکەیت.
[بێدەنگی]

**مەستانە**

مـن هـیچ نهێنیـیەکم نیـیە و هەرگیـز نەمتوانیـوە هـیچ بشارمەوە.

**سیامەند**

چەند حەزم لە بێدەنگیی بەیانییانە.

**مەستانە**

ڕقم لە نهێنییە.

**سیامەند**

من نامەوێت هیچ نهێنییەکم بۆ ئاشکرا بکەیت.

**مەستانە**

نهێنی؟!

**سیامەند**

بەڵێ نهێنی.

[بە زمـانێکی تـژی لە خۆشەویستی]

ئەوەم بۆ ئاشکرا بکە، کە پڕیت لە نهێنی. دەزانم پڕیت لە نهێنی. هەموو مرۆڤێک نهێنیی خۆی هەیە.

[سـەیری مەسـتانە دەکات]

من ڕێز لە نهێنییەکانت دەگرم.

**مەستانە**

[پێدەکەنێت]

نهێنیی چی؟

[وچان]

دەمەوێت تۆ نهێنییەکانم ئاشکرا بکەیت.

[وچان]

ئەگەر نهێنیم هەبێت!

**سیامەند**

تۆ چیی تر منت خۆش ناوێت.

**مەستانە**

تۆ پێت وا نییە خۆشەویستی جۆرێکە لە سەربەستی!

**سیامەند**

باسی چی دەکەیت؟

[وچان]

من هیچ لە تۆ ناگەم؟

**مەستانە**

تــۆ خۆشەویســتی وەک خۆبەســتنەوە دەبینیــت. وەک پاشکۆبوون.

**سیامەند**

من؟

**مەستانە**

خۆشەویســـتی پاشـــکۆبوون نیـــیە، خۆشەویســـتی خۆشەویستییە.

[وچان]

دەبێت بڕۆم.

**سیامەند**

ئەوە دوا بڕیارتە؟

**مەستانە**

[وەک قسـەی بـۆ خۆی بکات]

چۆن لەوە بگات، کە من لەو نـاگەم. ئەو خـۆی دەزانێت، وایە، بەڵام چۆن لەوە بگات.
[وچان]
چۆن!

**سیامەند**

لەگەڵ منت بوو؟

**مەستانە**

گەرووم زۆر وشکە، هیچ قسەم بۆ ناکرێت.

**سیامەند**

کە کچەکەمان بوو، زۆر گریام. نازانم بۆ؟
[وچانێکی کورت]
لە بیرتە؟

**مەستانە**

ژیان لەو شاخ و داخە ئاسان نەبوو.
[بێدەنگی]

**سیامەند**

لە خەونمدا کورت بووبووومەوە، بووبووم بە قەزەمێکی بچووک و گەڕابوومەوە بۆ سەردەمی هەرزەکاری و منداڵیم. ئەو سەردەمەی ڕقم لە خۆم بوو. من لە دوای تەمەنی هەژدە ساڵییەوە هەستم بە خۆم کردووە و خۆمم بە دڵ بووە. لەبەر ئەوە ئەو خەونانە بێزارم دەکەن و دەمترسێنن.

[وچانێکی کورت]

لەوانەیە من بڕۆم باشتر بێت؟

**مەستانە**

هەست دەکەم لە پەنجەرەکەوە سەیری خۆم دەکەم، گوێم لە دەنگی خۆم دەبێت. هەست دەکەم لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا ژیاوم.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

چاوەڕێم بارانەکە خۆش بکاتەوە.

**مەستانە**

بارانی چی؟

**سیامەند**

باران دەبارێت. لە پەنجەرەکەوە چاوم لێیە.

**مەستانە**

بۆ دەتەوێت بارانەکە خۆش بکاتەوە؟

**سیامەند**

دەمەوێت بچم بۆ بازاڕ.

**مەستانە**

ددانانن بە گوناهەکانی خۆتدا، بەهێزت دەکات.

**سیامەند**

گوتت چی؟

**مەستانە**

[پێدەکەنێت]

**سیامەند**

بە چی پێدەکەنیت؟
[وچان]
بە من؟

**مەستانە**

[دوور دەڕوانێت]
کە هێدی هێدی تاریکییە ڕەشەکە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕووناکی ژوورەکەی نەهێشت، ناچار بووم شتێکی تر بدۆزمەوە تا لەو نائامادەییە ڕزگارم بکات.
[وچان]

[سەیری سیامەند دەکات،
بە سۆزێکی غەمگینەوە]

دەتبینم...
[دەیەوێت بڕوات]
هەمیشە تۆم لە یادە.

**سیامەند**

تۆ کێیت؟

[وچان]

لەوە دەچێت بتانەوێت بمکوژن!

**مەستانە**

کە دەچمە بەر ئاوێنە و سەیری خۆم دەکەم، هەست دەکەم ئەوەی لە ئاوێنەکەدا دەیبینم خۆم نیم، کەسێکی ترە و چاوی بڕیوەتە چاوم و خستوومیەتە ژێر چاودێرییەوە. وا دەزانم تۆ منی. وا هەست دەکەم، کە تۆ منی.

[وچان]

تۆ من خۆشحاڵ دەکەیت. هەندێک جاریش دەمترسێنیت!

**سیامەند**

هیچ شتێکم لە بیر نییە، هیچ. هەر وەک ئەوەی نەژیابم.

**مەستانە**

[وەک ئەوەی گوێ بۆ شتێک ڕادێرێت]

گوێت لێیە؟

**سیامەند**

لە چی؟

[گوێ ڕادەدێرێت]

[وچان]

گوێم لە هیچ نییە!

**مەستانە**

کەسێک دەگری. گوێتان لێ نییە؟

**سیامەند**

ڕەنگە وا بێت. کەسێک لەم ساتەدا بگری.

**مەستانە**

کەسێک بەردەوام دەگری.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

جارێکیان ژنێکی مردووم بینی، خوڕ خوڕ فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە!

**مەستانە**

ئای، کە حەزم لە ئامێزێکیەتی.

**سیامەند**

مانگێکە نەنووستووم. بە حەبی خەویش ناتوانم بنووم.

[وچان]

تۆ وێرانت کردم.

**مەستانە**

تامەزرۆی ئامێزێکی ئەوم.

[مەستانە دەگری]

چەند نامەم بۆ نووسیت. چەندم خۆش دەویستیت...

[دەوەستێت، سەیری سیامەند دەکات]

نامەکانی منت ماون؟

[وچان]

ئەو نامانەی بۆم نووسیت؟
[بێدەنگی]
ئای چ کاتێکی خۆشمان بردە سەر!

**سیامەند**

مانگێکە نەنووستووم. تەواو تێک شکاوم. من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە!

**مەستانە**

نامەکان بسووتێنە.

**سیامەند**

نامە؟

**مەستانە**

من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە.
[سەیری سیامەند دەکات]
تۆیش هەڵەت نەکردووە. چارەنووسێکی ناشیرینە و دەبێت یەکێکمان ناپاکی لە یەکێکمان بکات. ڕقم لە هەموو شتێکە. لە خۆیشم. دەبێت قسە بکەین. لە بیرتە پێکەوە چەند قسەمان دەکرد؟
[وچان]
بۆ هیچ ناڵێیت؟

[مەستانە پشت دەکاتە سیامەند،ماندوو دیارە و خەیاڵی دەڕوات]

تەواو بێدەنگە و نایەوێت هیچ بڵێت، نایەوێت قسەم لەگەڵ بکات، نازانم بیر لە چی دەکاتەوە.
[دەستی سیامەند دەگرێت]
دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە. قسەم لەگەڵ بکە.
[تووڕەیە]
قسەکردنت لە بیر چوونەتەوە؟ بۆ هێندەی تر ئازارم دەدەیت؟

**سیامەند**

ترسناکە!

**مەستانە**

چی ترسناکە، لە تۆ ناگەم.

**سیامەند**

هەر دەڵێیت کات لە جێگەی خۆی وەستاوە.
[وچان]
خۆم ناناسمەوە!

**مەستانە**

گوتت چی؟

**سیامەند**

بێزارم لە دەنگی خۆم. کە دەمەوێت شتێک بڵێم...
[دەوەستێت]

**مەستانە**

قسە بکە، گوێم بۆ گرتویت.

**سیامەند**

ئەوەی دەیڵێم بێزارم دەکات. بێزارم لە خۆم.
[بێدەنگی]
من هەرگیز کەسێکی ئەوتۆ نەبووم بۆ تۆ. دەزانم.
[وچانێکی کورت]
بە ڕێکەوت یەکترمان بینی و بووینە هاوڕێ، لەوانە بوو هەر کەسێکی تر، کە ئاوا لەپڕ و لەو شوێنەدا دەرکەوتبایە، ببوایە بە هاوڕێت. تۆ لەوکاتەدا هیچ کەسێکی ترت نەدەناسی، من هاتم و بۆشاییەکم بۆ پڕ کردیتەوە. دەرگایەکم بۆ کردیتەوە، کە خۆی کرابووەوە. هەر کە ئەو کەسەی خۆشت دەویست و لە پڕ دەرکەوتەوە، پشتت کردە من و دەرگاکانی ژیان و دڵت بۆ کردەوە و منت هەر زوو بیر چووەوە.
[وچان]
دەرگاکانیشت لە پشت خۆتەوە داخست.

**مەستانە**

من کەسێکی نەزانم، هیچ دەربارەی تۆ نازانم؟

**سیامەند**

لەگەڵ منت بوو؟

**مەستانە**

نازانم من کێم؟

**سیامەند**

تۆ؟

**مەستانە**

لە پڕ کەسێکی تر دەناسم، عاشقی دەبم و لەگەڵی دەڕۆم. دوای مانگێک بەئاگا دێمەوە و هەست دەکەم لە ماڵەوە نیم. بۆ شوێنێک ڕۆیشتووم. کچەکەم بەجێ هێشتووە. گوێم لە دەنگی گریانەکەیەتی. کچەکەم دەگری و باوکی بۆی ژێر ناکرێتەوە.

[وچان]

کچەکەم!

**سیامەند**

دەرگایەکم بۆ کردیتەوە، کە خۆی کرابووەوە.

[پێدەکەنێت]

[وچانێکی کورت]

سەرمامە!

**مەستانە**

[وەک گوێ بۆ شتێک ڕادێرێت]

گوێت لێیە؟

**سیامەند**

لە چی؟

[وچان]

گوێم لە هیچ نییە!

**مەستانە**

کەسێک دەگری. گوێتان لێ نییە؟

**سیامەند**

ڕەنگە وا بێت. کەسێک لەم ساتەدا بگری.

**مەستانە**

کەسێک بەردەوام دەگری.

[وچانێکی کورت]

**سیامەند**

کچەکەم دەگری. دەبێت بڕۆم بە لایەوە.

**مەستانە**

چەند تامەزرۆی ئامێزێکم.

**سیامەند**

ژنێکم دەناسی لەسەر چیاکان لەدایک بووبوو!

**مەستانە**

ژنی چی؟

**سیامەند**

ئەوەی لەسەر چیاکان لەدایک دەبێت، لە کەنارەکاندا دەمرێت.

**مەستانە**

خۆم ناناسمەوە!

**سیامەند**

گوتت چی؟

**مەستانە**

خۆم ناناسمەوە! نامۆم بە خۆم، دەمەوێت وەک جاران خۆم خۆم بم. بزانم من منم و خۆم لە جلەکانمدا، لە جەستەمدا، لە ژوورەکەمدا بناسمەوە.

[وچان]

**سیامەند**

لە ژوورەکەدا؟

**مەستانە**

هەموو شتەکان لە گۆڕاندان. جەستەم، جلەکانم، ژوورەکەم. هەموو شتەکان دەگۆڕێن و دەبن بە شتی تر.

[بێدەنگی]

خۆم ناناسمەوە. دەترسم.

[سەیرێکی سیامەند دەکات]

**سیامەند**

لە چی دەترسیت؟

**مەستانە**

وا باشە بڕۆم.

**سیامەند**

هەمان بۆنت لێ دێت. کە هاتی ئەم بۆنەت لێ دەهات.

[وچان]

ناکرێت بە هیچ شێوەیەکی تر لێک بدرێتەوە.

**مەستانە**

چایەک نەخۆینەوە؟

**سیامەند**

تۆ عاشقی پیاوێکی تر بوویت. لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا، هاوڕێیەکی دێرینی خۆت ڕۆیشتیت و پشتت کردە من. عاشقی پیاوێکی تر بوویت!

[بێدەنگی]

هەموو شتەکان لەپڕدا ڕوویان دا و ژیانی هەردووکمانی گۆڕی. وەک ئەوەی لە خەونێکی ناخۆش بەئاگا بێمەوە. فریای ئەوە نەکەوتم بزانم چی ڕووی داوە. هیچ تێنەگەیشتم.

[وچان]

ژیان چ ئازارێکە. نازانم چۆن بەرگەی ئەو کارەساتەم گرت؟

**مەستانە**

[بۆ خۆی دەدوێت]

ئازارەکانیش هێندەی شادییەکان پێویستن.

[وچان]

من زۆر چێژ لە مانگەشەو دەبینم، ئارامییەکی سەیر دەبەخشێت بە ڕۆحم.

**سیامەند**

نووسانی مرۆڤ بە ژیانەوە، لە هەموو ناخۆشییەکانی ژیان بەهێزترە.

**مەستانە**

[دەگری]

[لەپڕ و بۆ ساتێکی کورت ڕووناکی دەکوژێتەوە]

بۆ وا تاریک داهات؟

**سیامەند**

دەزانیت، ئەوەی تۆ بەرانبەر من کردووتە، هەرگیز بیر ناچێتەوە!

[ڕووناکییەکە دەگەڕێتەوە]

گۆرانییەکم بۆ نالێیت؟

**مەستانە**

گۆرانی؟

**سیامەند**

بەڵێ، گۆرانی!

**مەستانە**

[پێدەکەنێت]

ئەمڕۆ لە ڕێگەی ماڵەوە بۆنی گوڵەکانم کرد. حەزم دەکرد ماڵەکەمان نزیک باخچەکە بوایە، ئیدی ئەوەندە بۆنی گوڵەکانم کرد، تا دەمارەکانم، سنگم پڕ بوون لە

بۆنی گوڵ، بە ڕادەیەک پێم وا بوو گوڵەکان لە مندا ڕواون. کە بۆنی ئەو گوڵانە دەکەم هەستێکی سەیر دامدەگرێت.
[وچان]
تا ئەو ڕادەیە، هەستم دەکرد، گوڵەکان خودی خۆمن و بۆنی ئێوەم گرتووە.

**سیامەند**

هەمان بۆنت لێ دێت. کە هاتی ئەم بۆنەت لێ دەهات.

**مەستانە**

ژنێکم دەناسی لەگەڵ مێردی نزیکترین هاوڕێی چووە جێگەوە، لەگەڵ ئەو بەرەو مەرگ چوون. بێگومان هیچیان بیریان لەوەی دوایی نەکردبووەوە، کە ڕوو دەدات.

**سیامەند**

بیریان لە چی نەکردبووەوە؟

**مەستانە**

کە پێکەوە بمرن!
[بێدەنگی]
لە ڕووداوێکدا پێکەوە مردن.

**سیامەند**

گۆرانییەکت بۆ نەوتم؟

**مەستانە**

هەندێک شت هەن هەرگیز بیر ناچنەوە!

**سیامەند**

چی بیر ناچنەوە؟

**مەستانە**

دەترسم.

**سیامەند**

لە چی دەترسیت؟

**مەستانە**

نازانم!
[سەیری سیامەند دەکات]
ناتوانم لێرە بمێنمەوە. دەترسم.

**سیامەند**

هیچ شتێک نییە لێی بترسیت!
[وچانێکی کورت]
تەنها ئێمە لێرەین و کەسی تری لێ نییە.

**مەستانە**

نازانم!

**سیامەند**

دەزانیت، من توانای تێگەیشتنم لە ترس نەماوە.

**مەستانە**

ئەو واقیعەی تیایدا دەژیم، لە ئەندێشـەیەک زیاتر هیچی تـر نیـیە، ئەوەی ئەندێشەیشـە واقیعێکـی ڕاسـتەقینەمە. زۆر سەیرە!

[وچان]

لەوە زیـاتر بەرگە نـاگرم، لام وا بێـت مـردنم نزیـک بووەتەوە و نامەوێت ددانی پێدا بنێم. ژانەسـەر خەریکە کوێرم دەکات.

[پێدەکەنێت]

چەنـد حەزم لەم سروشـتەیە، چ سروشـتێکی جـوانە. چەند حەزم لە تۆیە.

[سـەیری سـیامەند دەکـات، دوور دەڕوانێت]

بەڵام مـن نە لەم سروشـتەدا جێگـەم دەبێـتەوە و نە لەگەڵ تـۆدا دەگـونجێم. تـۆ سـەیرم دەکەیـت و مـن نابینیت، چاو دەبڕیتە چاوم و دەتەوێت کەسێکی تری تێدا بدۆزیتەوە. کەسێکی تر، نەک من. من نا. نازانم...

[دەوەسـتێت و دەیەوێت بڕوات]

**سیامەند**

کەسانێک هەن، کە دەتوانن هەر کاتێک بیانەوێت، بەبێ ئاوڕدانەوە شوێنەکە بەجێ بهێڵن و بڕۆن.

[سـەیری مەسـتانە دەکات]

تەواو. دەڕۆیت.

**مەستانە**

دەڕۆم.

**سیامەند**

چاکەیشمان نەخواردەوە.

**مەستانە**

چەندە تامەزرۆی ئامێزێکم.

[وچانێکی کورت]

هەموو شەوێک نامەکانت دەخوێنمەوە.

**سیامەند**

بیانسووتێنە.

**مەستانە**

چی بسووتێنم؟

**سیامەند**

نامەکان.

[بێدەنگی]

بڕۆ، چیی تر ئازارم مەدە.

**مەستانە**

چەندە تامەزرۆی ئامێزێکم.

**سیامەند**

بـڕۆ. نامەوێـت لێـرە بمێنیـتەوە. تـۆ بەردەوام ئـازارم دەدەیت.

**مەستانە**

هەندێک شت هەن، لە بیر ناچنەوە. هەندێک شت تەنها خۆزگەن.

**سیامەند**

ڕقم لە خۆزگەکانە!

**مەستانە**

هەنـدێک جـار خۆزگەکـان ئـازارن، کە دەزانیـت وەک واقیع دەرەقەتیان نایەیت.

[وچانێکی کورت]

**سیامەند**

هەندێک جار مرۆڤ دەبێت پشت بکاتە هەموو شتێک و بڕوات، بۆ ئەوەی نەمرێت.

[وچانێکی کورت]

تۆیش برۆ.

[سـەیری مەسـتانە دەکات]

بۆ ئەوەی نەمریت.

**مەستانە**

ئەم ساڵ پاییز زوو هات.

[دوور دەڕوانێت]

کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

*[مەستانە و سیامەند سەیری یەک دەکەن، مەستانە دەست دەخاتە سەر ڕوومەتی سیامەند و بۆ ساتێکی کورت بەو شێوەیە دەوەستن. مەستانە بە هەنگاوی خێرا لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە]*

[ژوورەکە تەواو تاریک دەبێت]

**سیامەند**

[لە تاریکییەکەدا]

ئەم شوێنە چ تاریکە! چاوم لە هیچ نییە. مەستانە، مەستانە. ڕۆیشتی؟

[دەنکەشقارتەیەک دادەگیرسێنێت، شانۆکەیش کەمێک ڕووناک دەبێتەوە]

[وەک بۆ مەستانە بگەڕێت]

[بێدەنگی]

ناتوانم لەگەڵ ئەو بژیم، ناتوانم بەبێ ئەویش بژیم.

[وچانێکی کورت]

خۆشم دەویست، دوایی عاشقی بووم، کە وازیشی لێ هێنام و لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا ڕۆیشت و پشتی کردە من، هەمووی مرد، بە یەکجار.

[وچان]

ئەمساڵ پاییز زوو هات.

مۆسیقا

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. کات نزیکەی بیست ساڵ تێپەڕیوە، سیامەند و نەشمیل لە ژوورەکەدان، کە هەمان ژووری دیمەنی یەکەمە]*

**سیامەند**

ئەڕۆم، بەڵام زوو دەگەڕێمەوە.

**نەشمیل**

با منیش بێم.

**سیامەند**

نا، کچم.

**نەشمیل**

حەز دەکەم لەگەڵت بێم.

**سیامەند**

ئەمجارە نا، جاری داهاتوو دەتبەم.

**نەشمیل**

[دەڕوات، لەناو دەرگاکەدا ئاوڕێک لە سیامەند دەداتەوە]
باشی باوکە؟

**سیامەند**

باشی باوکە؟

[هەردووکیان پێدەکەنن]

وەرە کچم، ئەمڕۆ وەرە لەگەڵم.

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

کە خۆشحاڵ بووم بابە گیان.

**سیامەند**

[دەست دەکاتە ملی نەشمیل]

باشی باوکە؟

**نەشمیل**

زۆر. کە تۆم لەگەڵ بیت باشم باوکە.

[هەردووکیان پێدەکەنن]

**سیامەند**

کە منداڵ بوویت حەزت دەکرد سەیری ئاسمان بکەی. هەر بگریایتایە، دەمکردیتە ئامێزم و لە بەر پەنجەرەکەدا دەوەستام، تۆیش بە هێمنی چاوت دەبڕییە ئاسمان و پەنجەکانی دەستت دەجووڵاند.

[پێدەکەنێت]

شتێکت لە ئاسماندا دۆزیبووەوە، کە من نەمدەزانی چییە.

[وچان]

نەمدەزانی بیر لە چی دەکەیتەوە.

**نەشمیل**

بیری دایکم دەکەم.

[بێدەنگی]

[نەشمیل لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، سیامەند دەچێتە بەر پەنجەرەکە و سەیری دەرەوە دەکات]

**سیامەند**

نەشمیل بیرت دەکات! منیش بیرتان دەکەم.

[وچان]

بیرکردن جۆرە نەخۆشییەکە، کە مرۆڤ تووشی دەبێت، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو نەخۆشییە پەرە دەستێنێت و دەبێت بە دەردێک.

[بێدەنگی]

زۆر جار لەم ژوورەدا لەنێو ئەندێشەیەکی چڕ و خەونێکی خۆشدا، لەگەڵ تۆدا دەژیم. دانیشتووین و پێکەوە قسە دەکەین، گوێمان لەیەک گرتووە، بەڵام ئەوە تەنها ئەندێشەیەکە، ئەندێشە!

[وچان]

دەڵێی من هەرگیز تۆم لە ڕاستیدا نەدیوە و تەنها وێنەیەکتم دیوە و لە دووریشەوە گوێم لە دەنگت بووە، وەک ئەوەی خەون ببینم. بیست ساڵە تۆ ڕۆیشتوویت، بیست ساڵە تۆ ئەم ماڵەت بەجێ هێشتووە.

[وچان]

جارێک، هەر وەک جاران بە تەنیا هاتمە ژوورەوە، بۆ ئەوەی کتێبێک بهێنم، کە دەرگای ژوورەکەم کردەوە و لەناو دەرگاکەدا وەستام، هەستێکی بەهێز دایگرتم. هەستم کرد من و تۆ لە ژوورەکەداین.
[وچانێکی کورت]
هەر وەک بڵێیت من و تۆیەکی تر!

[سیامەند پێدەکەنێت، سەیری دوور دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژوورەکە]

پێکەوە دانیشتوون و دەستیان لەناو دەستی یەکتردایە و قسە بۆ یەک دەکەن. لەناو دەرگاکەدا وەستام و وەک ئەوەی بە نهێنییەوە سەیری دوو کەسی دڵدار بکەم، سەیرم کردن و گوێم بۆ شل کردن. ئەو ژوورەی، چەندین جار تیایدا لەگەڵ تۆدا و لەنێو ئەندێشەیەکی تایبەت بە هەردووکماندا ژیاوم، بوو بە ڕاستی.
[وچانێکی کورت]
سەیری خۆمانم لە دەرەوەی خۆمانەوە دەکرد و گوێم لەوە دەگرت، چی بۆ یەک باس دەکەین!
[بێدەنگی]
ئای، کە تامەزرۆی ئامێزێکم.
[پێدەکەنێت]
[وچانێکی کورت]

ئەو ڕۆژەی ڕۆیشت، سەیری کردم. دەموچاوی گۆڕا بوو، هەرگیز سیمای ئەوم بەو شێوەیە نەبینیبوو، دەموچاویم لەو ساتەدا نەدەناسییەوە، سیمای لە کەسێکی نامۆ دەچوو: تووڕە و سارد و ڕەق.

[وەک ئەوەی بیر
بکاتەوە]

ئەو شەوە هێندە بیرم کردەوە، تا بە تەواوی ماندوو بووم. ماندوو بووم لە ماندوویێتی، تا خەوم لێ کەوت. زۆر دەمێک بوو وا خۆش نەنووستبووم، بەبێ ئەوەی نیوەشەو خەبەرم بێتەوە و نەتوانم بنوومەوە، بەبێ ئەوەی لە خەونە ناخۆشەکانمدا، بەدەم ترسەوە ڕاپەرم و تا بەیانی نەتوانم بنوومەوە.

[نەشمیل دێتە
ژوورەوە]

**نەشمیل**

چەند حەزم لە سەفەرە، سەفەرێکی دوور.

**سیامەند**

متمانەت بە هاوڕێکانت نەبێت، هەمیشە وا مامەڵەیان لەگەڵدا بکە، کە لە پڕ ببنە دوژمنت.

**نەشمیل**

گوتت چی؟

**سیامەند**

ئەمڕۆیش هەر وەک پار ئەم کاتە بارانە.

**نەشمیل**

دەمەوێت بڕۆم بۆ شوێنێکی تر.

[وچان]

دەمەوێت دایکم ببینم.

[ڕوو دەکاتە سیامەند]

دایکم بۆ ئێمەی بە جێ هێشتووە؟

**سیامەند**

ئەم گوڵانە دەمکوژن!

**نەشمیل**

گوڵی چی؟

**سیامەند**

گوڵەکانی دایکت.

[بێدەنگی]

[لەپڕ و بۆ ساتێکی کورت ڕووناکیی ژوورەکە دەکوژێتەوە]

**نەشمیل**

بۆ وا تاریک داهات؟

**سیامەند**

جاران لە تاریکی دەترسام، ئێستا ناترسم. لەپڕ هەستم کرد، تاریکی بەشێکە لە من.

[وچان]

ڕووناکی ئازاری چاو دەدات.

**نەشمیل**

بابە، لە کوێیت؟

**سیامەند**

ڕووناکی شتێک نییە متمانەی پێ بکەیت!

**نەشمیل**

من لەم تاریکییە دەترسم.

**سیامەند**

کچم متمانەت بە ڕووناکی نەبێت!

[ڕووناکییەکە دەگەڕێتەوە]

[بێدەنگی]

**نەشمیل**

کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

[وچانێکی کورت]

**سیامەند**

گوڵەکانی دایکت من دەکوژن.

**نەشمیل**

دەزانیت، هەمیشە مرۆڤە بەئاگاکان تووشی گومان دەبن!

**سیامەند**

لە مێردەزمەیەکدا خەبەرم بووەوە، بەڵام ژیان خراپتر بوو.

**نەشمیل**

چەند حەزم لە سەفەرە. سەفەرێک نەکەین؟
[وچان]

**سیامەند**

کە منداڵ بوویت، لە دەرەوە ڕاتدەکرد بە دوای کۆترەکاندا!

**نەشمیل**

کۆتر، کۆتری چی؟

**سیامەند**

لە هەر شوێنێک کۆترت بینیبا، دەنیشتنەوە، تۆ ڕاتدەکرد بۆ لایان. کۆترەکانیش دەترسان و دەفڕینەوە. تۆیش ڕادەوەستایت و سەیری ئاسمانت دەکرد. هیچ

حالّی نەدەبوویت و سەیری منت دەکرد و دەستە بچووکەکانت بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە.
[پێدەکەنێت]
لەپڕ کۆترێکی تر دەنیشتەوە و بە دوای دانەوێڵەیەکدا دەگەڕا تا بیخوات، تۆیش خێرا بەرەو ڕووی ڕاتدەکردەوە، بەڵام ئەویش دەفڕی. تۆ هیچ حالّی نەدەبوویت، چاوە پڕ لە پرسیارەکانت دەبڕییەوە ئاسمان و سەیری ئاڕاستەی فڕینی کۆترەکانت دەکرد.
[وچانێکی کورت]
[وەک ئەوەی بۆ
خۆی بدوێت]

چەندان ساڵ بە دیار ڕۆژەکانی تۆوە دانیشتم. هەنگاوەکانم دەژماردیت، گوێم بۆ گڕوگاڵەکەت دەگرت. لەپڕ هەستم کرد ڕۆژگارەکان تێدەپەڕن و منیش بە شێوەیەکی تر چوومەتە تەمەنەوە.
[بێدەنگی]
ئەو ڕۆژگارانە زۆر سەخت بوون.
[پێدەکەنێت]
دەزانی، نەشمیلەکەم من هەست دەکەم لەگەڵ تۆ گەورە بووم.
[وچانێکی کورت]
[پێدەکەنێت]

**نەشمیل**

سەفەرێک نەکەین؟

**سیامەند**

جلە زستانییە گەرمەکانم لە بەر کردبوویت و پێکەوە چووینە دەرەوە، هەوا ساردەکەت زۆر بەلاوە سەیر بوو.

[پێدەکەنێت]

چاوە بچووکەکانت لەتاو هەوا ساردەکە دەنووقاند. نەتدەتوانی بڕۆیت. دوای هەر هەنگاوێک دەکەوتیت، هەڵدەستایتەوە و هەنگاوێکی ترت دەنا و دەکەوتیتەوە. لە من وا بوو جلەکانت قورسە و ناتوانیت بجووڵێیت. کە دوایی سەیرم کردیت، پێڵاوەکانم بە تاکە و تاک لە پێ کردبوویت، لەبەر ئەوە نەتدەتوانی بڕۆیت، هەندێک بە خۆم پێکەنیم.

[پێدەکەنێت]

[وچان]

ئەوە یەکەم زستان بوو دایکت بەجێی هێشتبووین.

[سەیرێکی ئاسمان دەکات]

نازانم ئەمساڵ چۆن دەبێت، هەوا ناخۆشە و هەمیشە هەور بەری ئاسمانی گرتووە. لەوە دەچێت ساڵێکی پڕ لە باوبۆران بێت.

**نەشمیل**

هیوادارم پێڵاوەکانم تاکەوتاک لە پێ نەکەم.

[هەردووکیان پێدەکەنن]

**سیامەند**

حەز بە سەفەر و گەشتوگوزار ناکەم، کات بە فیڕۆدانە. سەیرکردنی شوێنە مێژووییەکان ناخۆشترین شتە، دەتوانیت بە وێنە کوێت دەوێت، بیبینیت، زۆر باشتریش و بەبێ ئەوەی پارەیەکی ئەوتۆیشی بووێت.

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

بابە، گۆرانییەکم بۆ بڵێ.

**سیامەند**

چی؟

**نەشمیل**

گۆرانی!

**سیامەند**

گۆرانی چی؟

**نەشمیل**

نەڕۆین؟

**سیامەند**

ئای، کە تامەزرۆی ئامێزێکم.

**نەشمیل**

من سێ شتم چووەتەوە سەر دایکم، دەنگ و مەزاج و خەمە قووڵەکەم.

[وچانێکی کورت]

بابە، ئێمە لێرە چی دەکەین؟

**سیامەند**

لە کوێ؟

**نەشمیل**

بۆ لێرەین؟

**سیامەند**

لەبەر ئەوەی ناتوانین لەو شوێنە بین، کە دەمانەوێت!

**نەشمیل**

دەمەوێت لەو شوێنە بم...

[بیــر دەکــاتەوە و
خەیاڵی دەڕوات]

نامەوێت لەوێ بم.

*[ڕووناکی ژوورەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تەواو کز دەبێت و سیامەند و نەشمیل، وەک تارمایی دەردەکەون]*

**سیامەند**

وا ڕاهاتبووم بە شەو، تەنیا بە شەقامەکاندا پیاسە بکەم. هەموو شتێک ڕەش و هەموو شوێنێک تاریک.

**نەشمیل**

چ تاریکە!

**سیامەند**

دەگریت؟

**نەشمیل**

نەخێر، ناگریم.

**سیامەند**

گوێم لە دەنگی گریانێک بوو.

**نەشمیل**

کێ دەگری؟

**سیامەند**

نازانم، وام زانی تۆ دەگرییت!

**نەشمیل**

نا من ناگریم.

**سیامەند**

گوێت لە هیچ نییە؟

**نەشمیل**

باشی باوکە؟

**سیامەند**

مردووم، بەڵام تەندروستیم زۆر باشە.

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

جێم مەهێڵە؟

**سیامەند**

سەرمات نییە؟

[وچانێکی کورت]

[ژوورەکە سەرلەنوێ ڕووناک دەبێتەوە]

[هەردووکیان پێدەکەنن]

**سیامەند**

ژوورەکە بە تەواوی بێدەنگ بوو.

**نەشمیل**

چ ژوورێک؟

**سیامەند**

ئەو ژوورەی تیایـدا لەدایـک بوویـت. لەبەر ئەوەی تـازە لەدایک بووبوویت و چاوەکانت بە ڕووناکی ڕانەهاتبوون، هەمـوو گڵۆپەکـان بە کـزی دەسـووتان. ڕەنگـی زەردی گڵـۆپەکە هێنـدە کـز بـوو، توانـای ڕووناککردنەوەی ژوورەکەی نەبوو. لەسـەر چۆک لە بەردەمتدا دانیشـتم و دەسـتە بچووکەکـانتم خسـتە دەسـتمەوە و چـاوم بـڕییە چاوەکانـت. تـۆیش وەک تـێم بگەیـت، بەبـێ ئەوەی بـۆ سـاتێکیش چاوەکانـت بجووڵێنیـت، سـەیرت دەکـردم. بە سـەری پەنجەکـانم قـژە ڕەشـە نەرمە درێـژەکەتم کە هاتبووە سـەر ناوچەوانت، لابرد. سێبەری پەنجەکانم بەر دەموچـاوت کەوت، خێـرا چاوەکانـت گێـڕا، وەک ئەوەی بتەوێت بەدوای سێبەرەکەدا بگەڕێیت. بە بێدەنگی سـەیرت دەکـردم، چـاوە زیتەکانـت نەدەجـوولان، وەک ئەوەی بتەوێت شتێکم پێ بڵێیت.

[وچان]

بتەوێت نهێنییەکم بۆ ئاشکرا بکەیت.

**نەشمیل**

تۆ ئەمەت هەرگیز بۆ نەگێڕاومەتەوە؟

**سیامەند**

ئێمە هەر لە سەرەتاوە پێکەوە تەنیا بووین!

**نەشمیل**

بابە گیـان، شـەڕی مـرۆڤ بـۆ هەڵاتنـە لە تەنیـایی، وەلـێ تەنیایی شتێکی هەتاهەتاییە لە بوونی مرۆڤدا.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

لە چاوەکانیــدا ئەوەم بەدی کردبــوو، کە چەنــدە مــن هەوڵـی نزیکبـوونەوە لەو بـدەم، ئەو هێـندە لە مـن دوور دەکەوێتەوە.

[وچانێکی کورت]

ئەو، وەک ژوورێکی تاریک وا بوو.

**نەشمیل**

ژوور؟

**سیامەند**

ژوورێکی تاریک و داخراو!

**نەشمیل**

[ســەیری ســیامەند دەکـات، وەک ئەوەی بیــر لە شــتێک بکاتەوە]

کێ وەک ژوورێکی تاریک وا بوو؟

**سیامەند**

نەمـدەزانی پەیوەنـدییەکانی چـۆن بـووە و لەگەڵ کـێ ژیاوە و چیی کردووە، ڕابردوویـەکی تاریک و نادیـاری هـەبوو. لەپڕ ئەو دەرگایە کرایەوە و هەمـوو ئەو سـاتە خۆشـــانەی لەگەڵ مـــن ژیـــا بـــوو، نەمـــان. کە ئەو دەرگـــایەیش کــرایەوە، کە گەڕایەوە بــۆ ئەو ڕۆژانەی ڕابردووی، نەیتوانی لەگەڵ من بژی.

[وچان]

**نەشمیل**

بابە، تۆ گۆرانییەکت هەر بۆ نەگوتم؟

**سیامەند**

گۆرانی؟
[پێدەکەنێت]
بۆت دەڵێم، ڕۆژێک گۆرانییەکی خۆشت بۆ دەڵێم.
[وچانێکی کورت]

[سیامەند سەیری نەشمیل
دەکات و دەست دەهێنێت
بە قژیدا]

نەڕۆین؟

**نەشمیل**

دەمەوێت بگەڕێمەوە، بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە!
[وچان]
دەمەوێت لەو شوێنە بم، کە نامەوێت لەوێ بم.

**سیامەند**

هەندێک شت هەن نابێت بە تەنها هەر خەون بن!

**نەشمیل**

بابە گیان، ژیان بۆ خۆی جۆرێکە لە خەون و ئەو خەونەیش هەر دەبێتە واقیع.

**سیامەند**

دەبێتە واقیع، چ واقیعێک؟

[وچانێکی کورت]

من لە واقیعدا دەژیام و بووە خەونێکی ناخۆش.

[وچان]

**نەشمیل**

هیچ چاوەڕوانییەکت لە خەون نەبێت.

**سیامەند**

زۆر جار تۆ پێش خۆت دەکەویت.

**نەشمیل**

من؟

**سیامەند**

دایکت لە خۆی ڕایکرد!

**نەشمیل**

تۆ وێنەکانت هەر پیشان نەدام.

**سیامەند**

وێنە، وێنەی چی؟

**نەشمیل**

وێنەکانی خۆتان!

**سیامەند**

ئێمە هیچ وێنەیەکمان پێکەوە نەبوو!

[وچان]

بیرم لەو وێنانە دەکردەوە، کە نەمانگرتبوون.

**نەشمیل**

وێنەتان پێکەوە نییە؟

**سیامەند**

چێــژ لە ئازارەکانــت وەربگــرە، ئازارەکــانیش هێنــدەی خۆشییەکان بەسوودن.

[وچانێکی کورت]

هەمیشە وای پێ دەگوتم.

**نەشمیل**

کێ وای پێ دەگوتیت؟

**سیامەند**

خیانەت بە تامی پرتەقاڵ، خیانەت بە تامی قۆخ.

[پێدەکەنێت]

**نەشمیل**

ئەمە چ چارەنووسێکە؟ هەر چییەکە ڕقم لێیەتی.

[وچانێکی کورت]

[دەوەســتێت، وەک شــتێکی بیــر کەوتبێــتەوە، ســەیری سیامەند دەکات]

نەڕۆین؟

**سیامەند**

سەرمات نییە!

**نەشمیل**

کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

**سیامەند**

مەستانە ڕێگەیەکی تری بەبێ ئێمە هەڵبژارد. ئەوەی لەنێوان من و دایکتدا ڕووی دا، نەدەکرا ڕێگەی لێ بگرین. هەڵەی هیچمان نەبوو، چارەنووسیش نەبوو، من بڕوام بەو قسانە نییە.

**نەشمیل**

قسەی چی؟

**سیامەند**

چارەنووس.

[وچان]

**نەشمیل**

گوناهی من بوو!

**سیامەند**

ئەو لەپڕ عاشقی کەسێکی تر بوو.

[سیامەند دەست دەهێنێت
به قژی نەشمیلدا]

هەڵەی تۆیش نەبوو، تۆ زۆر منداڵ بوویت. هەرگیز نابێ هەست بە هیچ گوناهێک بکەیت. من زۆر شت لە دایکتەوە فێر بووم، بێدەنگی و تەنیایی، هەروەها ئەوەیش فێر بووم خۆم لەو ڕزگار بکەم و بۆ تۆ بژیم. ئەوەی بۆ من و تۆ گرنگ بوو، ئەوە نەبوو، دایکت چ ناپاکییەکی لە ئێمە کرد و ئێمەی لەپێناوی یەکێکی تردا بەجێهێشت، ئەوەی گرنگ بوو، لە دوای ئەوەوە ئێمە چی بکەین و چۆن بتوانین بەبێ ئەو بژین.

**نەشمیل**

هەست دەکەم لەبەری ئەوبەری شەوەوەین!

**سیامەند**

ڕقم لە شەوە. بە شەو بێهێزم و ناتوانم بەرگری لە خۆم بکەم.

**نەشمیل**

ئێمە پێکەوەین. لەم ساتەدا پێکەوەین.
[بێدەنگی]
وا نییە؟

**سیامەند**

چی وا نییە؟

**نەشمیل**

کە پێکەوەین.

**سیامەند**

وایە، پێکەوەین.
[وچانێکی کورت]
تەنیا من و تۆ!

**نەشمیل**

نازانم خەریکی چیم و چی دەکەم!

**سیامەند**

مرۆڤ دەبێت هەمیشە بە دوای شتێکدا بگەڕێت.

**نەشمیل**

نازانم، ئەمڕۆ یەکێک بوو لەو ڕۆژانەی نازانم خەریکی چیم؟!

**سیامەند**

سەختە نەتوانیت ڕوو لە شوێنێک بکەیت!
[سەیری نەشمیل دەکات]
پێویستە هەموو کەسێک بتوانێت، هیچ نەبێت ڕوو لە شوێنێک بکات.

**نەشمیل**

شوێن، شوێنی چی؟

**سیامەند**

باشتر وایە بڕۆین.

**نەشمیل**

گۆرانییەکەت بۆ نەگوتم.

[هەردووکیان پێدەکەنن]

**سیامەند**

بۆت دەڵێم.

[وچانێکی کورت]

بڕۆین؟

**نەشمیل**

با بڕۆین!

**سیامەند**

با بڕۆین.

[لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە]

[مۆسیقا]

*[ژوورەکە زیاتر ڕووناک دەبێتەوە، وەک ئەوەی بیست ساڵ زەمەن گەڕابێتەوە. مەستانە لە بەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوە و سەیری دەرەوە دەکات. سەیرێکی ناو ژوورەکە دەکات و دێتە پێشەوە، وەک ئەوەی مەستانە هەمیشە هەر لە ژوورەکەدا بووبێت]*

**مەستانە**

ئەو پیاوەی زۆرم خۆش دەویست و لەگەڵی دەژیام، وازم لێ هێنا!

[وچانێکی کورت]

زۆرم خۆش دەویست. هەستم دەکرد ئەو خۆشەویستییە لە ژیانمدا دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتووە، تەنانەت ڕێگەی لەوە گرتبوو، کە ببم بە خۆم. خۆمم لە دەست دابوو.

[وچان]

پێویستم بەوە بوو، کە گوێم لە دەنگی خۆم بێت، بتوانم متمانە بە دەنگی خۆم بکەم. دەبوو لەگەڵ کەسێکی تر قسە بکەم، نەک سیامەند. گوێم لە دەنگی کەسێکی تر بێت. کەسێکی تر!

[بە ساردییەوە]

کات دەڕوات و هەموو یادەوەرییەکانیش لەگەڵ خۆی دەبات.

[پێدەکەنێت]

ئەوەی دەشمێنێتەوە هەر یادەوەرییەکانە.

[سەیرێکی دوور دەکات]

ئای، کە تامەزرۆی ئامێزێکم!

**سیامەند**

بەو ڕۆژگارە، بەبێ جووڵە لە ژوورەوە دادەنیشتم و چاوم دەبڕییە دیوارەکان. هەموو ڕۆژێک تیشکی ڕۆژم دەبینی، کە لەمسەری دیوارەکەوە، هێدی هێدی دەچوو بۆ ئەوسەری دیوارەکە و ڕۆژی لەگەڵ خۆی دەبرد و

دەیدایە دەست تاریکیی شەو. هەموو ڕۆژێک ئاوا ڕۆژم دەبینی، کە لەناو شەودا ون دەبوو، گوێم لەو ڕێبوارانە دەگرت، کە بە بەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا دەڕۆیشتن و تەنها چەند وشەیەک، یان ڕستەیەکی نیوەچڵم دەبیست و دەنگی پێیان و وشەکانیان، لەگەڵ دوورکەوتنەوەیاندا نەدەمان. گوێم لە دەنگی ماشێنەکان دەبوو، کە لە شەقامەکانی پشتەوە دەڕۆیشتن، جاری وایش هەبوو گوێم لە دەنگی ماشێنی پۆلیس، یان فریاکەوتن دەبوو.

[وچان]

دەنگی ڕادیۆکان، کە لە دوورەوە دەهاتن، دڵیان خۆش دەکردم و دەیانگەڕاندمەوە بۆ ڕۆژە خۆشەکان و یادەوەرییەکانمان.

[پێدەکەنێت]

وەک ئەوەی لە دەرەوەی ژیانمەوە بم و لە کونێکی بچووکەوە سەیری دنیا بکەم. چەندان ساڵ وەک ئەوە وا بوو، بەدەم خەونەوە بڕۆم، ژیان لە دەرەوەی منەوە دەگوزەرا.

[وچانێکی کورت]

ئێستایش هەر هەست دەکەم بەشێکم لە تۆ.

**مەستانە**

[لە سیامەند نزیک دەبێتەوە]

ئێمە زۆر شت هەن، کە باسمان نەکردووە. زۆر شت هەن دەبێت باسیان بکەین.

**سیامەند**

بەڵی زۆر شت هەن، کە تا ئێستا باسمان نەکردوون.

**مەستانە**

بێگومان.

**سیامەند**

[پێدەکەنێت]

**مەستانە**

بە چی پێدەکەنیت؟

**سیامەند**

نازانم.

[وچانێکی کورت]

**مەستانە**

بڕۆم؟

**سیامەند**

چۆن دەتوانین باسی شتەکانمان بکەین، کە تۆ لێرە نەبیت!

[مەستانە ڕوو وەردەگێڕێت]

**مەستانە**

زۆر شت هەن، کە تا ئێستا باسمان نەکردوون!

[وچان]

**سیامەند**

کە تۆ لێرە نەبیت!

**مەستانە**

گوتت چی؟

**سیامەند**

کە تۆ لێرە نەبیت!

**مەستانە**

مەبەستت چییە؟

**سیامەند**

مەبەستم ئەوەیە، کە تۆ لێرە نەبیت، ناکرێت قسە بکەین.

**مەستانە**

من...

**سیامەند**

کە تۆ ڕۆیشتیت و پشتت کردە ئێمە.

[بێدەنگی]

من و نەشمیل.

[سیامەند بە نائومێدییەوە سەیرێکی مەستانە دەکات]

ئەوەی ڕووی دا، کارەسات بوو.

[وچانێکی کورت]

بۆ من. بۆ من کارەسات بوو.

**مەستانە**

بەڵێ.

**سیامەند**

بیست ساڵ لەمەوبەر.

[سیامەند دەیەوێت بڕوات]

**مەستانە**

ئێرە هەر وەک خۆیەتی. هیچ شتێک نەگۆڕاوە!

**سیامەند**

نەشمیل بیری دەکردیت.

**مەستانە**

هەموو شتێک کاتی خۆی دەوێت.

**سیامەند**

من متمانەم زیاتر بە تۆ هەبوو، وەک لە خۆم. بە خۆم متمانەم نەبوو، بەڵام بە تۆ...

[سەیری مەستانە دەکات]

[وچانێکی کورت]

متمانەیەکی ڕەهام بە تۆ هەبوو.

**مەستانە**

هەموو شتێک کاتی خۆی دەوێت.

**سیامەند**

لەگەڵ منت بوو؟

**مەستانە**

نا...

**سیامەند**

ئەی؟ گوتت چی؟

**مەستانە**

نازانم.
[وچانێکی کورت]
نازانم ئیتر چۆن لەگەڵ ئەم ژیانە هەڵبکەم!

**سیامەند**

چیت لە ژیانی ئێمە کرد!

**مەستانە**

ژیانم بووە بە ئەرک بەسەر شانمەوە.
[پێدەکەنێت]
نازانم چی لێبکەم؟
[نەشمیل دێتە ژوورەوە]

**مەستانە**

ئای، کە تامەزرۆی ئامێزێکم.
[نەشمیل لە ئامێز دەگرێت]

**نەشمیل**

حەز دەکەم سـەفەرێک بکەیـن. بـڕۆین بـۆ شـوێنێکی دوور.

**سیامەند**

هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە.

**مەستانە**

کام ڕۆژ؟

**نەشمیل**

ئەمڕۆ لامان دەمێنیتەوە؟

**مەستانە**

ئەمڕۆ هەمووی تۆیت و سبەینێش هەر تۆ.

[نەشمیل و مەستانە پێدەکەنن]

**سیامەند**

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە.

**نەشمیل**

باشی باوکە؟

**مەستانە**

کام ڕۆژ؟

**سیامەند**

ئەو ڕۆژەی ئێمەت بە جێ هێشت.

[بێدەنگی]

ئەو ڕۆژەی ژیانێکی ترت هەڵبژارد و پشتت کردە ئێمە.

**مەستانە**

ئێرە هەر وەکو خۆیەتی.

**سیامەند**

لەبیرتە؟

**مەستانە**

چیم لەبیرە؟

**سیامەند**

کە ڕۆیشـــتیت. ئەو ڕۆژەی مـــن و نەشـــمیلت بە جـــێ هێشت.

**مەستانە**

ژوورەکە ساردە، سەرمامە.

**سیامەند**

ئەو ڕۆژەیش هەر لێرە بووین، لەم ژوورەدا بووین.

[بێدەنگی]

**مەستانە**

نەشمیل بچینە دەرەوە؟

**نەشمیل**

بۆ کوێ؟

**سیامەند**

حەزم لە چایەکە! چایەک نەخۆینەوە؟

**مەستانە**

چەندە جوانی؟

**سیامەند**

کێ جوانە؟

**مەستانە**

نەشمیل! نەشمیل جوانە.
[وچانێکی کورت]

**نەشمیل**

لە دەرەوە بارانە.
[وچان]
کە بارانەکە خۆشی کردەوە، دەڕۆینە دەرەوە.
[نەشمیل لە مەستانە نزیک دەبێتەوە]

دایکە، تۆ بۆ ئێمەت بەجێ هێشت؟

**سیامەند**

تۆ هەر وەک خۆتی و هیچ نەگۆڕاویت.

**مەستانە**

ئێمە هەڵەمان کرد.

[وچان]

مرۆڤ هەمیشە هەڵە دەکات.

**نەشمیل**

بارانەکە خۆش ناکاتەوە!

**مەستانە**

ڕقم لە بارانە!

**سیامەند**

هەموو هەڵەیەک هەڵە نییە!

**مەستانە**

مەبەستت چییە؟

**سیامەند**

بەجێهێشتنی ئێمە هەڵە نەبوو.

[وچانێکی کورت]

**مەستانە**

ئەی چی بوو؟

**سیامەند**

تاوان بوو. ناپاکی بوو.

[بێدەنگی]

**مەستانە**

هەموو شتێک بەسەرچوو!

**سیامەند**

بێدەنگییەکە ترسناک بوو.

**مەستانە**

بارانەکە خۆشی نەکردەوە؟

**نەشمیل**

ئەگەر شەوێک لەماڵێکی هاوڕێیەکم بنووستمایە، تا بەیانی لە ترسی ئەوەی بەدەم خەوەوە قسە بکەم، نەدەنووستم.

[وچانێکی کورت]

لەو ماڵەدا تا بەیانی نەدەنووستم و هەر سەیری ساپیتەی ژوورەکەم دەکرد، وەک کەسێکی تەنها لە دونیادا، هاوکات هەستم بە دڵنیایی دەکرد، کە لە ماڵەوە نەبووم.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

ئـای ئـەو ترسـە چەنـدە گەورەیـە، کە هەسـت بکەیـت ڕۆژەکانی خۆشەویستی بەرەو کۆتایی دەڕۆن.

[وچان]

نهێنییەکـانم لە شـوێنێکی قـووڵ و تـاریکی نـاوەوەی خۆمدا شاردبووەوە.

**مەستانە**

من نەمدەویست کەس ببینم و قسە لەگەڵ کەسدا بکەم.

**سیامەند**

ئێوە لە زانکـۆوە یەکتریتـان دەناسـی و پێکەوە قوتـابی بوون و هەر لەو کاتەوە پەیوەندیتان هەبووە.

**مەستانە**

زۆر دەمێک بوو، ئەو پەیوەندییە کۆتایی هاتبوو.

**سیامەند**

بەڵام تۆ هەرگیز بۆ منت باس نەکردبوو.

[وچان]

هەموو شتێکت لە من شاردبووەوە.

[بێدەنگی]

**نەشمیل**

من خەونـم بەوەوە دەبینـی، کە ون دەبـووم. هەمیشـە لە خەونەکانمـدا ون دەبـووم و خـۆمم بـۆ نەدەدۆزرایەوە،

خەونم بە پاپۆڕی گەورە و شەمەندەفەرەوە دەبینی، کە دایکمیـــان دوور دەخســـتەوە. کە گەورەیـــش بـــووم دەمویســت بـڕۆم، دوور بـڕۆم و لە خەمەکـانی بـاوکم دوور بـــکەومەوە. لە دەنـــگ و باســـی دایکـــم و لە مێردەکەی دوور بکەومەوە.
[وچان]
دەمویست بزانم دایکم بۆ ئێمەی بەجێ هێشتووە؟

**مەستانە**

ئای، کە تامەزرۆی ئامێزێکم.

**نەشمیل**

بـاوکم هێنـدە بە خەیاڵەکـانی خـۆیەوە سـەرقاڵ بـوو، ئاگـای لە مـن نەمـابوو، بە چەنـدان سـەعات لە بەر پەنجەرەکەدا دادەنیشت و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد.
[بەدەم پێکەنینەوە]
لەوە دەچوو، باوکم لە بەردەم ئەو پەنجەرەیەدا بەدوای خۆیدا گەڕابێت.
[وچانێکی کورت]
یان تۆدا!

**مەستانە**

ئازارەکـــانی نـــاوەوەی خـــۆم بە زەردەخەنەیەک دەشاردەوە.
[پێدەکەنێت]
حەزم لە چایەکە. چایەک نەخۆینەوە؟

**نەشمیل**

چەند دەمێکە حەزم لە سەفەرێکە.

**سیامەند**

چەند سارد و بێباک بوویت.

**مەستانە**

کە ئەم ژیانەم بەجێ هێشت، لەگەڵ خۆمدا دەتبەم بۆ ژیانەکەی ترم.

[لە دەرەوە، دەنگی هەورەتریشقەیەکی بەهێز دەبیسترێت، هاوکات دەنگی خوڕەی باران دێت]

[بێدەنگی]

**سیامەند**

ئەم بارانە نەفرەتییە خۆش ناکاتەوە!

**مەستانە**

ئەوە بیست ساڵە بارانە!

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

ئەگەر وا بڕوات، ئەمڕۆ ناچینە دەرەوە.

**سیامەند**

هەندێک جار هەست دەکەم نیم.

**مەستانە**

هەستێکی ناخۆشە.

**سیامەند**

چی؟

**مەستانە**

کە هەست بکەیت نیت.

**نەشمیل**

سەیرکەن، بارانەکە چۆن پەنجەرەکانی تەڕ و تەڵخ کردووە.
[وچانێکی کورت]
حەزم لە دەنگی بارانە.
[سەیری سیامەند دەکات]
بابە فیلمەکەت دێتەوە یاد؟

**مەستانە**

فیلم! فیلمی چی؟

**سیامەند**

هەموو بارانێک جوان نییە، بەتایبەتی ئەو بارانە بە خوڕەی هەرچی لق و پۆپی گوڵە تازەپشکوتووەکان هەیە تێکیان دەشکێنێت. ئازاری باڵندەکان دەدات و هێلانەکانیان دەڕمێنێت.

**نەشمیل**

فیلمێکمـان دی، ڕووداوەکـانی هەمـووی بارانبـارین بـوو. بارانەکە بە خوڕ بەسـەر دارستانەکەدا دەباری، بەسـەر دەریـــاچە گەورەکەدا، بەســـەر شـــەقامەکاندا. دەنگـــی بارانەکە بووبوو بە مۆسیقا.

[پێدەکەنێت]

زۆر حەزم لە دەنگی بارانە.

**سیامەند**

ئای، کە ڕقم لە بارانە.

[بێدەنگی]

جارێکیان ژنێکی غەمبارم دی.

**مەستانە**

ژن، کێیە؟

**سیامەند**

ژنێکی غەمبار. دەگریا.

**نەشمیل**

چەند بیرم دەکردیت؟

**سیامەند**

بیری کێ؟

**مەستانە**

بۆ دەگریا؟

**سیامەند**

مێردەکەی مردبوو!

**مەستانە**

مێردی کێ؟

**نەشمیل**

دایکم! بیری دایکمم دەکرد.

**سیامەند**

بۆ منی گێڕایەوە.

**مەستانە**

چیی بۆ گێڕایتەوە؟

**سیامەند**

[بێدەنگە]

**مەستانە**

بۆ بۆ تۆی گێڕایەوە؟

**سیامەند**

نازانم.

[وچان]

گوتی، کە لە نەخۆشخانە گەڕامەوە، هەموو شەوەکە بە تەنیا گریام، تا لەسەر قەنەفەکە بەبێ ئەوەی گڵۆپێک

دابگیرسـێنم، خەوم لـێ کەوت. ئەو شـەوە نەمتـوانی لە جێگەکەمدا بنووم. مێردەکەم ئەو ڕۆژە لە جێگەکەماندا مردبـوو، دوای مردنەکەیشـی بـۆ چەنـدان هەفـتە چەرچەفەکـانم نەگـۆڕی. نـاو جێگـەکە بـۆنی ئەوی لـێ دەهات.

[وچانێکی کورت]

لە جێگـەکەدا مـامەوە و لەسـەر هەمـان چەرچەف و بەرگەسـەرین و بەرگەلـێفە نووسـتم، تـا چیـی تـر نـاو جێگەکە بۆنی ئەوی لێ نەدەهات.

[وچان]

دەمەوێت دەربارەی ئەمە قسەت لەگەڵدا بکەم.

[وچانێکی کورت]

بۆنی مێردەکەم، چۆن دەتوانم باسی مێردەکەم بکەم، بەبێ ئەوەی باسی ئەو بۆنە تایبەتییە نەکەم، بۆنەکەی ئەو. بـۆنی ئەو تەنیـا شـتێکە، کە لە یادەوەریمـدا مـاوەتەوە، هەر لەوێشـدا دەمێنێـتەوە. بـۆنەکەی، کە لە جێگـەکەمانـدا مـابوو، ئێسـتا نەمـاوە و تەنیـا لـە یادەوەرییەکانمدایە و پێی دەژیم.

**مەستانە**

برسیمە. شتێک نەخۆین؟

**نەشمیل**

بابە گۆرانییەکمان بۆ نالێیت؟

**مەستانە**

برسیمە. شتێک نەخۆین؟

**سیامەند**

گوتی نەمتوانی چیی تر لەو ژوورە بنووم!

**مەستانە**

ژووری چی؟

**سیامەند**

ڕیتمی جەستەی، هەناسەکانی، قورساییەکەی لەگەڵ ژوورەکەدا بووبوو بە یەک، بەبێ ئەو ژوورەکە تەنیا ژوورێکی ڕووتە و هیچی تر.

[وچان]

ئەو ژوورە چیی تر ژوورەکەی جاران نەبوو!

**نەشمیل**

وا بزانم بارانەکە خۆشی کردووەتەوە.

**سیامەند**

ژنەکە وای گوت. ئەو بەستەزمانە لە خەمێکی قووڵدا دەژیا.

**مەستانە**

بۆچی ئەم چیرۆکانە بۆ من دەگێڕیتەوە؟

**سیامەند**

لەگەڵ منت بوو؟

**مەستانە**

نەخێر، لەگەڵ تۆم نەبوو!
[پێدەکەنێت]

**سیامەند**

برسیت نییە؟

**مەستانە**

نا، برسیم نییە.
[وچانێکی کورت]
سەرمامە.

**نەشمیل**

خەریکە دنیا تاریک دەبێت.

**مەستانە**

[لەبەر پەنجەرەکەدا دەوەستێت، وەک قسە بۆ خۆی بکات]
هەمیشە بیرم لە تۆ دەکردەوە.
[وچانێکی کورت]
دەبێت ئێستا چی بکات، برسیی نییە، ماندوو نییە، تێرخەو بووە. هەندێک جار ڕقم لێت دەبووەوە و هەندێک جاریش بەنەفرەتم دەکردیت، بەڵام هەمیشە خۆشم دەویستیت و نەمدەتوانی ڕقم لێت بێت، نەمتوانیوە لە بیرت بکەم.
[وچان]

هەوڵ دەدەم تێبگەم، بەڵام هیچ تێناگەم.
[پێدەکەنێت]
لە هیچ ناگەم.
[سەیری سیامەند دەکات]
وا باشترە.

**سیامەند**

چی وا باشترە؟

**مەستانە**

کە لە هیچ نەگەم!

**سیامەند**

ئێمە هەمیشە لە ناوەوەی خۆماندا تەنیا هەر یەکێکین و هەمیشەیش هەر تەنیاین و یەک کەسین.

**نەشمیل**

شەوێکیان خەونێکی سەیرم پێوە دیت.

**سیامەند**

بە منەوە؟

**نەشمیل**

نا، بە دایکمەوە.

**مەستانە**

بە منەوە. خەونی چی؟

**نەشمیل**

لە بیرم نەماوە.

**سیامەند**

چیت لە بیر نەماوە؟

**نەشمیل**

خەونەکەم. ئەو شەوە پاش خەونەکە خەبەرم نەبووەتەوە، تا بزانم خەونە، بۆیە بەیانی، کە لەپڕ خەبەرم بووەوە، لەسەر جێگەکەم بۆت دەگەڕام، لە من وا بوو خەون نییە، ڕاستییە و تۆ گەڕاویتەوە.
[بێدەنگی]
ماوەیەکە حەزم لە سەفەرە. حەز دەکەم سەفەر بۆ شوێنێکی دوور بکەم. لەم شوێنە دوور بکەومەوە.

**سیامەند**

چایەکمان نەخواردەوە. حەزم لە چایەکە.

**مەستانە**

من زۆر ماندووم. دەمەوێت سەرخەوێک بشکێنم.

**نەشمیل**

ئەی نەڕۆینە دەرەوە؟

**سیامەند**

داپیــرەم هەمیشـــە دەیگــوت، ئەوەی پرســیار دەکــات، شــــەرمەزارییەک بە چاوەکـــــانیەوە دیـــــارە، ئەوەی پرسیاریش ناکات، بۆ هەمیشە شەرمەزارە.

**مەستانە**

داپیرەت؟

[پێدەکەنێت]

[دەنگــی هەورەتریشــقەیەکی بەهێــز دێــت، هاوکــات دەنگــی بــارانێکی بەخوڕ]

**سیامەند**

سەیرە!

**مەستانە**

چی سەیرە؟

**سیامەند**

نازانم ڕێکەوتە، یان دەستێکی نادیارە؟

**مەستانە**

چییە هەمدیسان؟

**سیامەند**

ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتیت؟

**مەستانە**

سەیرە، باسی هەرچییەک بکەین تۆ هەر دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو ڕۆژە!

**سیامەند**

ئەو ڕۆژەیش هەر وەک ئەمڕۆ ئاوا باران بوو.

[وچانێکی کورت]

پێم گوتی ڕاوەستە تا بارانەکە خۆش دەکاتەوە، ئەوسا بڕۆ.

[لەپڕ ڕووناکیی ژوورەکە دەکوژێتەوە]

**مەستانە**

ئەوە بۆ وا تاریک بوو؟

**نەشمیل**

دەترسم!

**سیامەند**

مەترسە.

**نەشمیل**

لە کەیەکەوە دەڵێم با بڕۆین!

**مەستانە**

هەمووی گوناهی منە.

**سیامەند**

نا گوناهی تۆ نییە.

**نەشمیل**

بابە، گۆرانییەکمان بۆ بڵێ.

**مەستانە**

چایەکیشمان نەخواردەوە!

**سیامەند**

ئەو بارانە نەفرەتییە خۆش ناکاتەوە.

[دەنگی باوبۆرانێکی زۆر دێت]

**مەستانە**

وا باشترە من بڕۆم.

**نەشمیل**

نا، نابێت بڕۆیت.

**سیامەند**

مەڕۆ. بەم تاریکییە بۆ کوێ دەڕۆیت.

[وچانێکی کورت]

بارانیشە.

**مەستانە**

نا، وا باشە بڕۆم.

**نەشمیل**

منیش دێم لەگەڵت.

**مەستانە**

نا، پێویست ناکات، تۆ لەگەڵمدا بیبیت. ڕۆژێکی تر دێم و پێکەوە دەچینە دەرەوە.

[بێدەنگی]

**سیامەند**

خەریکە بارانەکە خۆش دەکاتەوە.

**مەستانە**

ئای، کە تامەزرۆی ئامێزێکم.

[وچان]

کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

[بێدەنگی]

[گوێمـــــــان لە دەنگـــــــی هەورەتریشـــقە و خـــوڕەی بارانە]

**تاریکی**

*[هێدی هێدی سەر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، سیامەند بە تەنیا لە ژوورەکەدایە. ڕوو دەکاتە بینەران]*

**سیامەند**

مەستانە ڕۆیشت و منی بە تەنیا جێ هێشت.

[بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە]

هەرگیز ئەوم بیر ناچێتەوە، لەوانەیە ئەوەی بیرم ناچێتەوە ئەو نەبێت، بەڵکو ئەو شتە بێت، کە دواتر لەودا بە کاری دەهێنمەوە.

[وچانێکی کورت]

من دەمزانی ئەو کاریگەرییەی ئەو بەسەر ژیانمەوە دەبێتە نووسینێک. دواتر ئەو نووسینە دەبێتە ئەو شتەی، کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، شتێک، کە لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ڕاستەقینەیە، هەروەها دروستکراویشە، واتە ئەو وێنەیەی لە نووسینەکەدا دروستم کردووە، جێگەی وێنە ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە، وێنە ڕاستەقینەکەی ئەو. ئەوەی منیش دەینووسم، شێوازێکە بۆ خۆشویستنی شتێک، کە لەم ڕەوشەدا، ئەو شتە، ئەوە. مەستانەیە، کە بتوانم لای خۆم بۆ هەتاهەتایە بیهێڵمەوە و ئەو ساتانەی بەڕاستی پێکەوە بووین، بۆ هەمیشە لە یادمدا بن.

[بە بزەیەکی تاڵ و پڕ لە ئازارەوە]

کە ئەو ڕۆیشت و پشتی کردە من و نەشمیل، نەیتوانی ڕقەکەم لەگەڵ خۆی بەرێت، ئەو ڕقەی تا ئەو ساتەیش لە دڵمدا بوو، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا، نەما.

[پێدەکەنێت]

ئەم کۆتاییە ناخۆشانە پێمان دەڵێن، ژیان هێشتا بەردەوامە.
[وچان]
[بە نائومێدییەوە]
کەس ناتوانێت هەستی مرۆڤەکان بەرانبەر بە خۆی بگۆڕێت. هەوڵی ئەوەیش مەدەن، تەنها لە ژیانی خۆتدا بژی.
[بێدەنگی]
داپیرەم هەمیشە بە پێکەنینەوە دەیگوت من زۆر بەختەوەر بووم، چونکە خوداوەند منی لە بیر کردبوو.
[وەک بیر بکاتەوە]
داپیرەم ڕاستی دەکرد، مرۆڤە بەختەوەرەکان، ئەوانەن خوداوەند لە بیری کردوون!
[وچانێکی کورت]
کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

[گوێمان لە دەنگی هەورەتریشقە و خوڕەی بارانە]

مۆسیقا

**تاریکی**

٢٠١٨/١٢/٢٢-١١

## بەشی دووەم

### لە خۆرئاوابووندا لەوێ بووم!

## کارەکتەرەکان

مەستانە

نەشمیل

*[شانۆ نیمچە ڕووناکە، مەستانە دێتە ژوورەوە و جانتـایەکی سـەفەریی بە دەستەوەیە. سـەیری ئەمـلا و ئەولای خـۆی دەکـات، وەک ئەوەی لە شـتێک دڵنیا نەبێت. دەنگـی گۆرانییەک دێت، کە لەپـــڕ نامێنێـــت. ژوورەکە لەگەڵ قسـەکانی مەسـتانەدا بەرەبەرە زیـاتر ڕووناک دەبێتەوە]*

**مەستانە**

من چیتـر نـاتوانم لـە گوماندا بـژیم. نـاتوانم لە نادڵنیاییدا بـژیم، گومـان و نادڵنیـایی ئـازارێکی کوشـندەن، هێـدی هێدی دەمکوژن. یادگارییەکانیش لێم بوونەتـە مۆتەکـە و بـــە بـــەردەوام بـــەربینگم دەگـــرن، هاکـــا خنکانـــدیانم. دەمەوێت وازم لێ بێنن، چیتر بەرۆکم نەگرن. دەمەوێت نەک هەر یادگارییەکـانی ئـەو ڕۆژانـەم لە بیـر بچێتەوە، کە پێکەوە بووین، بـەڵکو دەستبەرداری ئـەم دونیایـەیش ببم، بەڵام ئەفسـووس، کـە نـاتوانم! هێندەی ئـەو دونیایـە حـــەز دەکـــەم ئـــەوم بیـــر بچێتـــەوە. ئـــاخر تـــا ئـــەوم بیـــر نەچێتـــەوە، ئـــەو یادگارییانـــە لـــە کـــۆڵم نابنـــەوە. مـــن نەمدەویسـت، هـیچ شـتێک بەدەسـت بێنم، کـە نرخـەکـەی لەدەســـتدانی ئـــەو بێـــت! نـــا، نـــەخێر، هـــەرگیز وام نەدەویســت! بــەڵام زۆر ســەختیش بــوو لەگــەڵ ئــەودا بژیم، لـە کاتێکدا دڵـم هـەر لای یـەکێکی تـر بـوو. دەمێـک بـــوو هەســـتم بـــەوە کردبـــوو، دەمزانـــی زۆر کەمـــم لە خۆمـــدا تیـــا مـــاوە، بەتەواوی بووبـــووم بەو. ئەمـــەیش

هێندەی پانتایی زەوی ئاسوودەی دەکردم. دەبوو هەر بڕۆم و واز لە سیامەند بێنم. من و سیامەند نە ژیان و نە مردنیش کۆی نەدەکردینەوە. دەمویست پێناسەیەکی خۆم لە سیامەندندا بکەم، خۆم لەودا بدۆزمەوە، بەڵام هیچم بۆ نەدۆزرایەوە، دەبوایە بڕۆیشتمایە، دەبوایە دووربکەوتمایەتەوە. جیابوونەوە بڕیارێکی سەخت بوو. زۆر سەخت بوو. بەردەوام دەچوومە بەر ئاوێنەکان و سەیری خۆمم دەکرد، کە سەیری ئاوێنەکانم دەکرد، هەستم دەکرد... لەبری ئەوەی بیر لە جیابوونەوە بکەمەوە، هەستم دەکرد ئێمە یەکین. ئاوێنەکان لە خەونەکانمانەوە بانگمان دەکەن، ئاوێنەکان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە خەونەکانمان درۆن. وەک ئەوەی بکەومە ژیانی خۆمەوە، گەڕامەوە دواوە و هەموو شتێکم هاتەوە یاد. گەڕامەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانم، هەستم دەکرد لەسەر چیاکانم و تازە لەدایک بوومەتەوە، هەستم دەکرد هەرگیز تەنها نەبووم، وەک یەکێک بم لە دوانەیەک و لە سکی دایکمدا، لەگەڵ زیندەوەرێکی تردا خۆمان بۆ ژیان ئامادە بکەین. دەمویست بچووک و بچووکتر ببمەوە و بچمەوە ناوەوەی خۆم. هەستێکی چەندە سەیرە وا بزانیت لە جەستەی خۆشتدا تەنها نیت. من ژیانم لەگەڵ ئەودا تەواو بووبوو، بەڵام ئەو لەگەڵ مندا تەواو نەبووبوو. خۆم دایە دەست ژیان و ئەوەی توانیم لەگەڵ ژیاندا کردم، بەڵام ئەو بەشەی ژیان کە بە ئەوەوە بەسترابووەوە لەگەڵ مندا تەواو نەبووبوو.

[بە نائارامییەوە]

له مــردن نەدەترســام، بەڵکــو لە ژیــان دەترســام. لەوە دەترسام لە خۆم نزیک ببمەوە.

[وچان]

[پێدەکەنێت]

مردن نا!

[وچانێکی کورت]

ئەو هەموو جارێک بە منی دەگوت، دەمەوێت ئەوەنده بژیم، کە لەجیاتی تۆیش بمرم.

[دوور دەڕوانێت]

مـن چیـی تـر لە هـیچ شـوێنێکدا نـاژیم. نـاتوانم لە هـیچ شوێنێک بژیم.

[بە نیگەرانییەوە]

من بەختەوەر نەبووم، چونکە خواوەند هەرگیز منی لە بیر نەکرد!

[پێدەکەنێت]

[بە نائارامییەوە]

بـۆ هەمیشــە پێـی دەگـوتم، ئەگەر تـۆ لەدەسـت بـدەم، هەموو شتێکم لەدەست داوە؟

[بێدەنگی]

کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.

[نەشمیل دێتە ژوورەوە]

**نەشمیل**

دایکە، من چەند چاوەڕوانی تۆم کرد؟

**مەستانە**

چاوەڕوانی من؟

**نەشمیل**

بەڵێ تۆ!

**مەستانە**

دەزانیت؟

**نەشمیل**

نا، من هیچ نازانم. من هەر چاوەڕوانی تۆ بووم!

**مەستانە**

من لەوە تێگەیشتم، کە دونیا ئەوە نییە دەیبینین، شەوداهاتن، ڕۆژبوونەوە، هاتنی وەرزەکان، خەون و تەنانەت ئەو کەسانەیش، کە ڕۆژانە دەیانبینین، ئەو چرکەساتەن...

**نەشمیل**

[قسەکەی پێ دەبڕێت]

دایکە، ئەوە تۆ دەڵێی چی؟

**مەستانە**

ئەو ڕەوشەیە، کە ئێمەی تیا دەژیین.

[پێدەکەنێت]

گومانم هەیە لە مەبەستی من بگەیت؟

**نەشمیل**

من؟

**مەستانە**

چی تۆ؟

**نەشمیل**

هیچ.
[وچانێکی کورت]
زۆر چاوەڕێم کردیت!

**مەستانە**

هەست دەکەم لەسەر شانۆم و ڕۆڵی عاشقێک دەبینم.
عاشقم.
[هەندێک پەشۆکاوە]
[بێدەنگی]

**نەشمیل**

عاشق؟
[پێدەکەنێت]
تۆ زوو زوو عاشق دەبیت!

**مەستانە**

ئەو دێتە ژوورەوە و تەماشام دەکات و نامبینێت، دەڕوات و دەرگاکە دەکاتەوە و پرسیاری شتێکم لێ دەکات، بێ ئەوەی سەیرم بکات، بێ ئەوەی هەستم پێ

بکات. لەپڕ هەست دەکات، کە من عاشقی ئەوم، ڕوو وەردەگێڕێت و نازانێت چی بڵێت، من دەستی دەگرم و ئەویش دەستم بەرنادات، بەڵام هیچ بە یەک ناڵێین. ئەو دەڕوات و من بە تەنیا دەمێنمەوە.
[وچانێکی کورت]

[سەیری نەشمیل دەکات، دوایی ڕووی وەردەگێڕێت و دوور دەڕوانێت]

ئای خوایە چەندە عاشقی ئەو بووم! هەموو شتێکی ئەوم خۆش دەویست، ئەوەی ئەو دەیکرد، ئەو خواردنەی ئەو دەیخوارد و ئەو کەسانەی ئەو قسەی لەگەڵدا دەکردن. حەزم دەکرد سەما بکەم، سەما.

**نەشمیل**

جاران سەمات دەکرد!

**مەستانە**

من، سەما!

**نەشمیل**

سەرمامە. هەست بە سەرمایەکی سەیر دەکەم. هەست دەکەم سەرماکە هاتووەتە ناو جەستەمەوە. لەوەدەچێت ئەوەندە چاوەڕوانی تۆم کردبێت، سەرمام بووبێت.

**مەستانە**

هەندێک جار هەست دەکەم، وەک هێزێکی نادیار دێت و ڕزگارم دەکات.

**نەشمیل**

کێ؟

**مەستانە**

لە خۆمم دەردەهێنێت. لەوەی کە منی تیام، لە خۆمم ڕزگار دەکات. لە خۆشیدا پێدەکەنم، هەست بە خۆشییەکی گەورە، شتێکی بێسنوور دەکەم لە جەستەمدا دێت و دەچێت. هەست دەکەم ئەو شتەی لە منداڵییەوە لێم ون بووە، دۆزیومەتەوە، بە سنگمەوەم نووساندووە و نامەوێت جارێکی تر لێم ون بێتەوە.

**نەشمیل**

من هیچ لە تۆ تێناگەم. باوکم هەمیشە دەیگوت من لە دایکت تێناگەم. ڕاست دەکات، منیش لێت تێناگەم. وڕێنە دەکەیت!

**مەستانە**

لەگەڵ منت بوو؟

**نەشمیل**

هەندێک جار رقم لێتە. دەزانی؟

**مەستانە**

لە من؟

**نەشمیل**

چی لە تۆ؟

**مەستانە**

ڕقت لە منە؟
[بێدەنگی]
بۆ دەبێت ڕقت لە من بێت!

**نەشمیل**

زۆر بیـــرم دەکردیـــت، بەڵام پـــاش مـــاوەیەک ئەو بیرکـردنەم کەم بـووەوە، بەتـایبەتی کە هەسـتم دەکـرد بەفرەکە، سـەهۆڵبەندانەکە، ئاسـۆ دوورەکـان، سـەرماکە، مانگەشـەوە درێژەکـان و تیشـکی خـۆرەکە، بـوون بە بەشێک لە من. بۆیـە، چیی تـر بیـرم نەدەکردیت. لەبری تۆ یاریم بە بووکەڵەکەم دەکرد.
[وچان]
لە بیرتە بووکەڵەیەکت بۆ کڕیم. ئێستایش ماومە.

[دەیەوێـت بـڕواتە دەرەوە]

**مەستانە**

بووکەڵە؟ نەخێر لە بیرم نایەت!

**نەشمیل**

ڕقم لێتە. بەڕاستی هەست دەکەم ڕقم لێتە!

**مەستانە**

بووکەڵە!

**نەشمیل**

بیرت نایەت؟

**مەستانە**

با بڕۆین. ئێرە ساردە و دەچین بۆ شوێنێکی خۆش. شوێنێکی گەرم.

**نەشمیل**

جارێ بارانە. با بارانەکە خۆش بکاتەوە.

**مەستانە**

ئەم بارانە هەرگیز خۆش ناکاتەوە.

**نەشمیل**

سەرمامە.

**مەستانە**

بووکەڵەکەت ماوە؟

**نەشمیل**

بووکەڵەی چی؟

**مەستانە**

دەزانی من هەرچییەکم کردبێت بۆ تۆ بووە؟

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

بۆ من؟

**مەستانە**

سەمای من بۆ ڕۆحی تۆیە. تۆ...

[دەوەستێت و سەیرێکی نەشمیل دەکات]

تۆ زۆر لە باوکت دەچیت!

**نەشمیل**

هەندێک جار لە خەفەتا دەبمە کەسێکی توند و ڕەق. چی تر هەست بە خۆشەویستی ناکەم.

[وچان]

چ کۆتاییەکی ناخۆشە. من بڕۆم باشترە.

**مەستانە**

هەموو کۆتاییەک خراپ و ناخۆش نییە. ئەها وەکو کۆتایی واقیعییانەی دووریی تۆ و نزیکیت لێمەوە.

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

**مەستانە**

به چی پێدەکەنیت؟

**نەشمیل**

به هیچ!

**مەستانە**

چەند له مەرگ دەترسم!

**نەشمیل**

مەرگ خۆی سەخت نییه، بەڵکو مردن...
[وچانێکی کورت]
[له مەستانە دەچێتە پێشەوە]
مردن سەختە.

**مەستانە**

مەرگ هەموومان دەکات به منداڵ. ئێمە هەموو ڕۆژێک دەمرین، لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک بەشێک له ژیان دەڕوات، تەنانەت که ئێمە گەورەیش دەبین و دەچینە تەمەنەوە، ژیان بچووکتر دەبێتەوە.
[به ساردییەوە]
که لەدایک دەبین نزیکین له مەرگەوە، هەر وەک که دەچینە تەمەنەوە.

**نەشمیل**

[به تووڕەییەوە]
تۆ دەتەوێت بڵێی چی؟

**مەستانە**

نازانم.

**نەشمیل**

باشتر وایە من بڕۆم.

**مەستانە**

من چی بکەم، هیچ ڕووداوێکی ئەم زەمەنە کەڵکی گێڕانەوەی نییە، ئەم ماوەیە گۆرانیی نوێم دەست ناکەوێت، هەموو وێنە و گرتەڤیدیۆییەکان تراژیدین، هەرچی دەگەڕێم هەموو شتێک دووبارەیە! من چیی تر شتی نوێم دەست ناکەوێت، ژانی دووریی ئەو، ئەو ژانەیە، کە چەندان...
[پێدەکەنێت]
من هەر بیرت دەکەم و هیچ ڕوو نادات، ژیان هەر دەڕوات و من هەر بیرت دەکەم.
[مەستانە زۆر بە خێرایی دەست دەداتە جانتاکەی و بەرەو دەرگاکە دەڕوات و دەچێتە دەرەوە]
[بێدەنگی]

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. دەنگی مۆسیقا دێت، نەشمیل بێ جووڵە وەستاوە و سەیری دەرگاکە دەکات]*

[مەستانە دێتەوە ژوورەوە، جانتاکەی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دادەنێت و بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات]

**نەشمیل**

بە منداڵی ئەگەر بە بێدەنگی دابنیشتمایە، بەتایبەتی کە باوکم لەوێ بوایە، ئەوە دەیویست بزانێت بیر لە چی دەکەمەوە. هەندێک جار هاواری لێ دەکردم، نەنوویت. وای دەزانی خەوم لێ دەکەوێت. من خەونم دەبینی و ئەو نەیدەهێشت خەونەکانیشم ببینم، ناچار زۆر جار دەچوومە ژوورەوە و دەرگاکەم لە خۆم دادەخست و گڵۆپەکانم دەکوژاندەوە و خەونم بە تۆوە دەبینی. لە خەونەکانمدا ڕات دەکرد. نەمدەزانی بۆ کوێ ڕادەکەیت. هەندێک جاریش خەونم بە مامۆستاکەمانەوە دەبینی. [پێدەکەنێت]

**مەستانە**

مامۆستا!

**نەشمیل**

مامۆستاکەمان کوڕێکی گەنجی جوان بوو. حەزم لێ کردبوو، لە خۆشیی ئەو، منیش خەونم بەوەوە دەبینی ببم بە مامۆستا. نەشمدەوێرا باسی بکەم، یان بە دڵی خۆم سەیری بکەم، دەمزانی ئەو وەک منداڵێک سەیری من دەکات. جارێکیان لە خەونمدا تۆم لەگەڵ مامۆستاکەماندا بینی. پێکەوە ڕاتان دەکرد، منیش

هاوارم کرد، ڕاوەستن با منیش پێتان بگەمەوە. ئەو شەوە لە خەونەکەمدا زۆر گریام.

[بەرەو ڕووی مەستانە دەڕوات]

لەپڕ ڕۆژێک من و مامۆستاکەم بە تەنیا لە پۆلەکەماندا ڕووبەڕووی یەکتری وەستاین. ئەو ئاگای لە هەموو شتێک بوو، ئاگای لە دڵی من بوو، دەیزانی خۆشم دەوێت، دەیزانی شەو خەونی پێوە دەبینم، دەیزانی عاشقی بووم. سەیرێکی ناو چاومی کرد و گوتی دەزانی تۆ هاوتەمەنی کچەکەمیت.
[بێدەنگی]
هەمیشە هەوڵم دەدا، هەموو ئەو هەستانەی بۆ مامۆستاکەمم هەبوو بیشارمەوە: خۆشەویستی، شەرمەزاری، تەنیایی، خەم و ئازار. هەرگیز ئێمە لەوەوبەر بەو شێوەیە سەیری یەکتریمان نەکردبوو.
[وچانێکی کورت]
مامۆستاکەمان کوڕێکی گەنجی جوان بوو، کچەکەی هاوتەمەنی من بوو.
[پێدەکەنێت]

**مەستانە**

با بڕۆین، وا بزانم بارانەکە خۆشی کردووەتەوە.
[وەک ئەوەی بیر بکاتەوە]
چەند ڕقم لە بارانە!

**نەشمیل**

کچەکەی هاوتەمەنی من بوو.

**مەستانە**

دەڵێی بارانەکە خۆشی کردووەتەوە.

**نەشمیل**

گوتت چی؟

**مەستانە**

ڕقم لە بارانە.

**نەشمیل**

تۆیش؟

**مەستانە**

چی تۆیش؟

**نەشمیل**

باوکیشم ڕقی لە بارانە.

**مەستانە**

باوکت؟
[هەردووکیان پێدەکەنن]
باوکت ڕقی لە هەموو شتێک بوو!

**نەشمیل**

حەز دەکەم گۆرانی بڵێم!

**مەستانە**

بچمە هەر کتێبخانەیەک بۆ ئەو دەگەڕێم. نازانم بۆچی وا دەکەم!

**نەشمیل**

چی دەکەیت؟

**مەستانە**

بچمە هەر کتێبخانەیەک، سەرەتا بۆ ئەو دەگەڕێم. لەناو کتێبەکاندا.

**نەشمیل**

بۆ کێ؟

**مەستانە**

برسیت نییە؟

**نەشمیل**

نەخێر. ئەی تۆ؟ تۆ برسیت نییە؟

**مەستانە**

نا برسیم نییە. سەرمامە. سەرماکە چووەتە جەستەمەوە و بە هیچ شتێک گەرمم نابێتەوە.
[سەیری نەشمیل دەکات]
بۆ باوکت.

**نەشمیل**

چی بۆ باوکم؟

**مەستانە**

بچمە هەر کتێبخانەیەک بۆ باوکت دەگەڕێم!

**نەشمیل**

[پێدەکەنێت]

تۆ لە تەواو ناچیت!

[بێدەنگییەکی کورت]

**مەستانە**

من هیچ کات بێئاگا نەبووم لە تۆ. تۆ لە شوێنێکی قووڵی دڵدایت. هەمیشە بیرم کردوویت، ئێستایش بیرت دەکەم، دوایش هەر بیرت دەکەم.

**نەشمیل**

بیری من؟

**مەستانە**

بەڵێ!

**نەشمیل**

ئەی بۆ نەدەهاتیت بۆ لام؟

**مەستانە**

تۆ خۆت دەزانیت...

[دەوەســـــــــــــــتێت، ڕوو
وەردەگێڕێــت و لە نەشــمیل
دووردەکەوێتەوە]

تۆ خۆت دەزانیت بۆ؟

**نەشمیل**

نەخێر من هیچ نازانم.
[بێدەنگی]
باشتر وایە بڕۆین.

**مەستانە**

دەترسم!

**نەشمیل**

لە چی دەترسیت؟

**مەستانە**

لەو ترسەی دایگرتووم...
[وچانێکی کورت]
ئەوەی منیش لێی دەترسام بەرەو ئێرەی هێنام.

**نەشمیل**

کە ڕۆیشـتی ماڵئاوایمـان لە یەک نەکـرد. گـوێم لە دوا وشەکانت نەبوو، ئاگات لەوە نەبوو بەردەوام دەگریام.

کە گەورەیش بووم...

[دەوەستێت]

[وچانێکی کورت]

هەرگیـز گـوێم لە دوا وشـەکانت نەبـوو. لەبـری ئەوە دڵنەوایی باوکم دەکرد.

**مەستانە**

دەترسم!

**نەشمیل**

هیچ شتێک نییە لێی بترسیت.

**مەستانە**

لەوە دەترسم وەک خەڵکی بم و خۆم لە دەست بدەم.

**نەشمیل**

بۆ تا ئێستا خۆتت لەدەست نەداوە؟

**مەستانە**

زۆرم سەرمایە.

**نەشمیل**

کە خۆر ئاوا بوو من لەوێ بووم!

**مەستانە**

بڕوام بە خوا نییە، بەڵام مەسەلەکە هەر وا ئاسان نییە، ئێمە هەموومان خوایەکمان لەنێو خۆماندا هەڵگرتووە. خوایەک لە دڵی هەموومانـدایە و خۆمانی لە پشتەوە دەشارینەوە.

**نەشمیل**

لەپڕ ئەوەم بۆ ئاشکرا بوو دەتوانم باسی شتگەلێکی ئێجگار زۆر بکەم، کە لە ناوەوەمدا خۆی شاردبووەوە و من بە خۆم نەزانی بوو.
[وچانێکی کورت]
مامۆستاکەمان کوڕێکی گەنجی جوان بوو، کچەکەی هاوتەمەنی من بوو.

**مەستانە**

بۆیە دەتویست ببیت بە مامۆستا!

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت،*
*نەشمیل دەچێتە دەرەوە و مەستانە*
*لە بەردەمی پەنجەرەکەدا وەستاوە]*

مۆسیقا

**مەستانە**

بۆ یەکەم جار کە کچەکەم تەمەنی تەنها ساڵێک بوو، بۆم دەرکەوت چیی تر مێردەکەمم خۆش ناوێت. هێشتا هیچ کەسێکی تر نەهاتبووە ژیانمەوە، بەڵام هیچ خۆشەویستییەکیش لە دڵمدا بۆ سیامەند نەمابوو. ساڵێکی سەخت بوو، کچەکەم نە دەنووست و نە یدەهێشت منیش بنووم. هێندە ماندوو بووم، نەمدەتوانی بیر بکەمەوە، نەمدەتوانی پێبکەنم، یان بگریم. نەمدەتوانی سیامەندم خۆش بوێت، ئەویش بە ژیانەوە گیری خواردبوو. خۆشەویستی وزەی پێویستە، من هیچ وزەیەکم نەبوو، توانای هیچم نەبوو.

[وەک ئەوەی بگری]

[بێدەنگی]

[بە ساردییەکی ترسناکەوە]

کە سیامەند دەستی بۆ دەبردم، یان دەیویست ماچم بکات، تووڕە دەبووم و وام هەست دەکرد تەنها بۆ بەتاڵکردنەوەی خۆی دەستم بۆ دەبات، بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکات. بێزم لە خۆم دەکردەوە و هەمیشە خەیاڵم ڕۆیشتبوو.

[وچان]

تا لەپڕ ئەو دەرکەوت  و ژیانی گۆڕیم.

[بە خەمبارییەوە]

زۆر بە تەنیا جەنگام و هەوڵم دا، دوایی تەنیا و دۆڕاو هاتمە دەرەوە، چونکە ئەوەی خیانەتی کرد بەشەکەی خۆم بوو، نەک کەسی تر.

[بیر دەکاتەوە]

[وچانێکی کورت]

ئەو هەمـوو جارێـک دەیگـوت ئـازار ئەو وەخـتە جـوانە بگۆڕێت بۆ مانا.

[سـەیری ئەمـلا و
ئەولای خــــۆی
دەکات]

درزێک کەوتە نێوانمانەوە، کە هەرگیز چاک نەکرایەوە. هیچ ڕووناکییەک لەو درزەوە نەدەهاتە ژوورەوە، جگە لە تاریکی. تاریکییەکی ڕەها. ڕەش.

[وچان]

ناتوانم یادەوەرییەکانم لە بیر بکەم، ئاواتەخوازم بتوانم یـادەوەری و ڕابـردوو و هەمـوو یادگارەکـانیم لە بیـر بچێتەوە.

[ماندووە]

نەشمیل چیی لێ هات؟

[وچان]

دەمویسـت بگەڕێـمەوە بـۆ سـەر چیاکـان. مـن لەسـەر چیـایەک لەدایـک بـووم و هەرگیـز لەگەڵ ژیـانی شـار ڕانەهـاتم. هەسـتم دەکـرد لەسـەر دەریاکـان دەژیـم و دەمەوێت لە کەنارەکاندا بمرم.

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی
بەسەردا دێت و سەر شانۆ
تاریک دادێت]*

[گۆرانییەکە دەبیسرێت]
[شانۆکە نیمچە ڕووناک دەبێتەوە]
[مەستانە گوێ دەگرێت]
[بێدەنگی]

**مەستانە**

چەندە لێی دەترسام، چەندە هەستم بە قورساییەکی ترسناک دەکرد بە سەرمەوە، هێندە ترسناک، لە سەختیی مەرگ دەچوو. قورسایی ترسناکی هێزێکی پیرۆز، پیرۆز وەک خوا.
[وچان]
شوێن ئەو کەوتم و بە تەنیا گەڕامەوە.
[بە ڕەقییەوە]
لەم شوێنە هیچ ڕوو نادات، ڕۆژگارەکان هەمووی وەک یەکن، ئێمە بێسیماین و تەنیا شاهێدی هەڵکشانی تەمەنی خۆمانین.
[بیر دەکاتەوە]
تەمەن تێپەڕی و فریای هیچ نەکەوتم، هیچم نەدی و شەو و ڕۆژ هیچ جیاوازییەکییان نییە.
[بانگی نەشمیل دەکات]
نەشمیل، نەشمیل، نەشمیل. ئەوە تۆ لە کوێیت؟
[بە خۆشەویستییەوە]
ئێستا من هەر نەشمیلم هەیە. ئەوەی من دوای کەوتم خەونێکی ناخۆش بوو، دەمویست زوو خەبەرم بێتەوە و بگەڕێمەوە بۆ ئەو واقیعەی لە دەستی ڕامکرد.

[بەسەر شانۆکەدا دێت و
دەچێت، وەک ئەوەی بۆ
شتێک بگەڕێت]

جاران خەونەکانم گەرم بوون، دونیایەکی خۆش بوون و نەمدەویست بەئاگا بێمەوە و دەمویست هەمیشە لە خەونەکانمدا بژیم. لەپڕ وا نەما، خەونەکانم بوونە مێردەزمە و دونیایەکی نائارام. وام لێ هات، نەمدەویست بنووم، نەمدەویست خەوم لێ بکەوێت و بچمەوە ناو دونیای خەونەکانمەوە. هەر کە خەوم لێ دەکەوت، لە خەوما کەسێک ڕاوی دەنام.
[وچانێکی کورت]
نەشمیل.
[بێدەنگی]
نەشمیل زۆر زیاتر لە ئێمە دەزانێت، ئەو ئەوەیش دەزانێت، کە ئێمە فێرمان کردووە.
[پێدەکەنێت]
من هیچم فێر نەکردووە. ئەوەی باوکی فێری کردووە.
[وچانێکی کورت]
ئەوەیشی خۆی لە دەرەوە و لە کاتەکانی خۆیدا، کە زۆر جیاوازترە لە کاتەکانی ئێمە، فێری بووە. ئەو کاتەی منی تیا ژیام، ئەو کاتەی نەشمیلم تیا بەجێهێشت. نەشمیلم لەپێناوی چیدا بەجێ هێشت؟
[وچان]

[بیر دەکاتەوە و
دوور دەڕوانێت]

نەشمیل بەشێکە لە خۆم و بۆ هەر شوێنێک بڕۆم لەگەڵ خۆمدا دەیبەم، ئێمە منداڵی یەکین؛ یان ڕاستر ئەو منداڵی منە و لە ناومایە.

[پێدەکەنێت]

هەرگیز ئەو هەستەم بۆ هیچ کەسێکی تر نەبووە و نابێت. هیچمان نامانەوێت گەورە بین، ئێمە وەک دوو منداڵ واین پێکەوە. شەڕمان دەبێت، دەمەقاڵێ، دەگریین، پێدەکەنین و پێکەوە خەمبار دەبین.

[وچانێکی کورت]

کە ئەو خەمبار دەبیت منیش خەم دامدەگرێت، کە ئازاری دەبێت، منیش ئازار دەچێژم، وەک ئەوەی دەزوولەکانی جەستە و مێشکمان پێکەوە بەسترابن.

[بە خەمبارییەوە]

من دەمویست لەگەڵ ئەودا، نەک لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا، لە دونیادا پیر ببم. ئەو ژیانی منی گەلێک دەوڵەمەند کردبوو. لەپڕ کات وەستا و ئەو هات و من و ئەو چیی تر نەمانتوانی پێکەوە بین. چیی تر نەمتوانی بیر لەوە بکەمەوە، کە لەگەڵ ئەودا پیر بم. ئێمە جیابووینەوە و لە یەکتر دوور کەوتینەوە و هەریەکەمان ژیانێکی تری هەڵبژارد، کە هیچ کاممان لای ئەوی تر جێگەی نەبووەوە. خۆرئاوا بوو من لەوێ بووم، کە ڕۆژهەڵات خەو دەیبردمەوە و بە تەنیا مامەوە.

[بێدەنگی]

ئەو مردووە لەوێدا نامرێت، بەڵکو گومانە...

[وچانێکی کورت]

یــان ئەو ناچــارییەیە، کە زینــدووەکان تووشــی ئــازار و دڵەڕاوکێ دەکات.
[لە ناکاو پێدەکەنێت]
چەنـد لە خـوا پـاڕامەوە فریشـتەیەکم بـۆ بنێرێـت، بەڵام هیچ فریشتەیەک نەهات.
[وچانێکی کورت]
من دەمویست ئەمە لێرەدا کۆتـایی نەیەت، بەڵام کۆتـایی بوو.

*[ڕوونــاکی گۆڕانکــاریی بەســەردا دێــت، وەک بیست ساڵ زەمەن گەڕابێتەوە. سەر تەختەی شــانۆ هەنــدێک تاریک دەبێت، مەستانە وەک ئەوەی بەدەم خەونەوە بــڕوات، بە هێواشـــی لەمســەری شــانۆکەوە دەڕوات بۆ ئەوســەر و دەچێتە دەرەوە. سەر شانۆ بۆ ساتێک چۆڵ دەبێـت و لەپـڕ بەتەواوی ڕوونــاک دەبێـتەوە. نەشــمیل، وەک منــداڵێکی بچــووک لە لایەکــی تـــرەوە دێـــتە ژوورەوە و بـــووکەڵەیەکی بە دەســـتەوەیە. ســـەرەتا دەوەســـتێت و بە گومانەوە سەیری ناو ژوورەکە دەکات.]*

**نەشمیل**

دایە، دایە.
[وچان]
دایە من نازانم لە کوێم؟
[بێدەنگی]

دایە لە ماڵەوە نییە!

[سەیری بووکەڵەکەی دەکات و لە
ئامێزی دەگرێت]

تۆ لە ماڵەوەیت. تۆ بەجێم ناهێڵیت؟ وا نییە!

[سەیری شوێنێکی نادیار دەکات]

تۆ بەجێم ناهێڵیت؟ وا نییە!

[یاری بە بووکەڵەکەی دەکات، شیری
دەداتێ، دەیلاوێنێ، جلەکانی لە بەر
دادەکەنێت و لە بەری دەکاتەوە،
گۆرانی بۆ دەڵێت و دەینوێنێت.
دواجار خۆیشی لایەوە پاڵ دەکەوێت
و پێکەوە دەنوون.]

مۆسیقا

**تاریکی**

٢٠١٩/٣/٢٢

# بەشی سێیەم

## وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت

## کارەکتەرەکان

سیامەند

نەشمیل

*[سەر شانۆ تەواو تاریکە، سیامەند دێتە ژوورەوە و دەنکەشقارتەیەک دادەگیرسێنێت، سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکات، وەک لە شتێک دڵنیا نەبێت، بە ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکات و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات. دەنگی با و بۆران دێت، کە لەپڕ نامێنێت. ژوورەکە لەگەڵ قسەکانی سیامەند بەرەبەرە ڕووناکتر دەبێتەوە]*

**سیامەند**

چ خەونێکی ناخۆشم بینی. ئەوە چەند شەوە هەمان خەون دەبینم. بە شەقامێکدا دەڕۆم، سەیری چواردەوری خۆم دەکەم و هەست دەکەم هەموو شتێک نامۆیە بە من، هەست دەکەم هیچ ڕەگێکم لەو شوێنەدا نییە. شوێنی مێژوویی دەبینم، سیمبوولی کولتووری، کە لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان تووشیان دەبم. هەست دەکەم دوورن لە منەوە و هەستی ئەوەم دەدەنێ، کە لە وڵاتی ئەوانی تر دەژیم. ئەوانەی بە من نامۆن و لە هیچ شتێک و بە هیچ شتێک یەک ناگرینەوە. ئەوانەی لەسەر شەقامەکان ڕووبەڕووم دەبنەوە و بە لامدا تێدەپەڕن، جیاوازن لە من و نایانناسم. من بە پێچەوانەی ئەوان، باو و باپیرانم خەڵکی ئەم شوێنە نین. هەست دەکەم ئەوان باو و باپیرانیان لەم شارە و لەم وڵاتە بە خاک سپێردراون و ئەرز و ئاسمانەکەیش هیی خۆیانە و پێی نامۆ نین. زۆر جار بۆ گۆڕی باوکم دەگەڕێم و

نایـــــدۆزمەوە. هـــــیچ هەســــــتێکم بە ڕابـــــــردووی شـــــــەقامەکانەوە، بـــــــاخچەکەی بەرامبەرمـــــــان و وڵاتەکەیشـــەوە نیـــیە. هەنـــدێک جـــار خەون دەبیـــنم گەڕاومەتەوە بـۆ شـارەکەی خـۆم، ئەو شـارەی تیایـدا گەورە بـووم، بـۆ ئەو گەڕەکەی تیایـدا لەدایـک بـووم. سـەیرە لەم خەونەمدا پیـر بـووم، چـاوم کـز بـووە و بە گۆچـــان دەڕۆم. چـــاوە کزەکـــانم هـــەڵبڕی و دەســـتە لەرزۆکەکـانم لە گۆچـانەکەم تونـد کـرد. هـیچ شـوێنێک نادۆزمەوە. ئەو شوێنەی، کە لای من گەڕەکێکی دێرین و شـــارەکەیش کـــۆنە شـــارەکەی خـــۆمە، لە دنیـــایەکی مـردوو دەچێـت. سـەیری چـواردەوری خـۆم دەکەم و بیـــر لەو ژیـــانە دەکەمەوە، کە ڕۆژێـــک لە ڕۆژان لێـــرە بەســـەرم بـردووە. ئێســـتا هـیچ شـتێک بە زینـدوویێتی نەمـــاوە و هـــیچ شـــتێک ژیـــانی تیـــا نیـــیە. گەڕەکە کاولبووەکـــان، ئەو خـــانووبەرانەی ئاهەنگمـــان تیـــادا دەگێڕان و یاریمان تیادا دەکردن و یەکەم ماچمان تیادا کـــردوون، ئێســـتا کەلاوەن، هەمـــوو شـــتێک ژەنگـــی هەڵهێناوە و هەموو شتێک ڕزیوە و ژیانی تیادا نەماوە. ئەو بـاخچە جـوانەی زۆربەی شـەوان خۆمـان تیـادا دەشـاردەوە و دڵداریمان تیـادا دەکـرد و بە نیوەڕۆیـان لەژێر سـێبەری دارەکانیـدا دەنوسـتین، نەمـاوە و لەبری ئەوە شـوێنەکە، قیرتـاو کـراوە. ئەو یاریگـەیەی یاریمـان تیـــادا دەکـــرد، چـــواردەوری تەلبەنـــد کـــراوە و لەبـــری یاریگـــە، بـــووە بە شـــوێنی مەشـــقی ســـەربازەکان، ئەو سـەربازانەی بەر لەوەی بەرەو بەرەکانی جەنگ بڕۆن. کە جاران بە شـەقامەکاندا دەڕۆیشـتین و لە کۆڵانەکاندا

یاریمان دەکرد، هەموو ئەو کەسانەمان دەناسین، لەوێدا بوون و ئەوانەیش بە وێدا دەڕۆیشتن، ئێستا هیچ کەسێک ناناسم و هەموو لەوە دەچن بۆ یەکەم جاریان بێت هاتبنە ئەم شوێنەوە. کە خەبەریشم دەبێتەوە هەست دەکەم مەستانە وەک تارماییەک بە ژوور سەرمەوە وەستاوە. گوێم لە دەنگی نەشمیل دەبێت دەگری و هاوار دەکات.

[وەک ئەوەی لەپڕ شتێکی
بیر کەوتبێتەوە]

[بێدەنگی]
من لێت دوور دەکەومەوە، بۆ ئەوەی ژیانت پێ ببەخشم!
[پێدەکەنێت]
مەستانە هەمیشە وای پێ دەگوتم.
[خەیاڵی دەڕوات]
دەمەوێت بزانم ئەو لەم ساتەدا بیر لە چی دەکاتەوە؟
[وچانێکی کورت]
کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو.
[بە تۆنێکی گاڵتەئامێزەوە]
داپیرەم ڕاستی دەکرد، کە دەیگوت من زۆر بەختەوەر بووم، چونکە خوداوەند منی لە بیر کردبوو.

[نەشمیل بە بووکەڵەیەکەوە
دێتە ژوورەوە]

**نەشمیل**

باوکە، کەی مانگی چوارە؟

**سیامەند**

[سەیری بووکەڵەکەی دەستی نەشمیل دەکات، بێ ئەوەی هیچ بڵێت]

**نەشمیل**

زۆری ماوە بۆ مانگی چوار؟

**سیامەند**

هەموو شتێک لەنێوان خەون و واقیعدایە. هەست دەکەم دونیای خەون چووەتە ناو ژیانی ڕۆژانە و واقیعەوە.

**نەشمیل**

مانگی چوار لەگەڵ نەشمیل دەچم بۆ سەفەر!

**سیامەند**

نەشمیل! نەشمیل کێیە؟

**نەشمیل**

[بووکەڵەکەی بە ڕووی سیامەنددا بەرز دەکاتەوە]

بووکەڵەکەم.
[پێدەکەنێت]
مانگی چوار لەگەڵ بووکەڵەکەم سەفەرێک دەکەم.

**سیامەند**

زۆر شت هەن، هیچ مانایەکیان نییە.

**نەشمیل**

من وەک باڵندەیەک ئازادم.

**سیامەند**

ژیـان بەو شـێوەیە نابێـت، کە بیـری لـێ دەکەیـنەوە و ئاواتەخوازین.

**نەشمیل**

ژیانی کێ؟

**سیامەند**

باشـتر وایە خۆمـان لەسـەر ئەوە ڕابێنـین، کە ژیـان بەو شێوەیە نابێت ئێمە دەمانەوێت.

**نەشمیل**

من دەمەوێت هەمیشە لە نزیک تۆوە بم.
[وچان]

**سیامەند**

دوو کەسی تەنیا لەو قوتابخانە چۆڵ و بێدەنگەدا.
[وچانێکی کورت]
چۆڵ و تەنیا.

**نەشمیل**

دوو کەس، دوو کەس کێیە؟

**سیامەند**

ژن و پیاوێک.

**نەشمیل**

کام ژن و پیاوە؟

**سیامەند**

پیاوەکە، ژنەکەی بە نەخۆشیی شێرپەنجە دەمرێت و هیچ منداڵێکیان نابێت. ئەو مامۆستا دەبێت و بە تەنیا دەژی. ڕۆژێک دوای تەواو بوونی قوتابخانە چاوی بەو ژنە دەکەوێت، کە پۆلەکانی قوتابخانەکە پاک دەکاتەوە و ڕارەوەکان گسک دەدات. لەپڕ لە پۆلەکەدا یەکتری دەبینن و دەکەونە قسەکردن. دوو کەسی تەنیا لەو قوتابخانە چۆڵ و بێدەنگەدا. ئەو دوو کەسە هیچ شتێک جگە لە تەنیایی کۆیان ناکاتەوە. مامۆستاکە هاوڕێم بوو، دەیویست دوای مەرگی ژنەکەی مێژوویەکی تر بۆ خۆی دروست بکات.

[وچان]

مێژوو چ سوودێکی هەیە، کە مرۆڤ تەنیا بوو.

**نەشمیل**

مرۆڤ پێویستیی بە مێژووە، مێژوو یارمەتیی مرۆڤ دەدا، ئەو وێنەیە بخولقێنێ، کە ئەو چییە، بەڵام مێژوو وەک شتە پیرۆزەکان وایە، ئەو شتانەی لە دڵدان، ئەمەیش ئەو هەستەت دەداتێ، کە شتێک لەوێدایە، لە دڵتدا.

**سیامەند**

یادەوەرییەکان تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێم دەکەن.
[وچان]
مرۆڤ پێویست ناکات هێندە بیر لە ئایندە بکاتەوە!

**نەشمیل**

ئایندە؟

**سیامەند**

بیرکردنەوە لە ئایندە، وەک ئەوە وایە تامەزرۆی مەرگ بیت.
[بێدەنگی]

**نەشمیل**

دەترسم!

**سیامەند**

لە چی دەترسیت؟

**نەشمیل**

له بێدەنگی دەترسم!

[وچانێکی کورت]

[گـۆرانی بـۆ بـووکەڵەکەی دەڵێت]

دونیا به جۆرێک سارد دەبێت

بەر لەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و

بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت

دەیبەستێت.

[له سیامەند دەچێتە پێشـەوه و نـاوچەوانی دەخـاتە سـەر سنگی]

هەموو ڕۆژێک جوانە، بە ناخۆشییەکانیشیەوە!

[لە سـیامەند دوور دەکەوێتەوه]

چەند حەزم دەکرد بووبوومایە بە باڵندە و بفڕیمایە!

[پێدەکەنێت]

مۆسیقا

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. نەشمیل دەچێتە دەرەوە، دەنگی باوبۆران دێت، هەورەبروسکەیەکی بەهێز سەر شانۆکە بۆ ساتێک ڕووناک دەکاتەوە، دوای ئەوە ڕووناکیی سەر شانۆکە بە کزی دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ قسەکانی سیامەند، ئاستی ڕووناکییەکەیش بەرز دەبێتەوە، تا بەتەواوی ڕووناک دەبێتەوە.]*

**سیامەند**

کە مەستانە ڕۆیشت، نەخۆش کەوتم. وام دەزانی دەمرم، وام دەزانی دەرگام لە مەرگ کردووەتەوە و بەم زوانە دێتە ژوورەوە.

[بێدەنگی]

ئێستایش لە بیرمە، کە چۆن مەستانەم ناسی.

[پێدەکەنێت]

لە کتێبخانەکە چاوەڕێی ئەوم دەکرد. لەوەوبەر بە تەلەفۆن قسەمان کردبوو، بەڵام نەمدەزانی شێوەی چۆنە. من چەندان وێنەم لە مێشکی خۆمدا بۆ دروست کردبوو. لەپڕ لە ژوورێکەوە هاتە دەرەوە. ئەو لە کتێبخانەکە کاری دەکرد، هەرچەندە پێی گوتبووم، کە حەز دەکات سەما بکات.

[وچان]

دەستی گرتم و بردمیە ژوورێکەوە، ژوورەکە ئێجگار بچووک بوو، دیوارەکانی هەمووی ڕەفەی پڕ لە فایلی قەبە و کتێب بوو. هەستم دەکرد خەریکە بخنکێم،

ژوورەکە هیچ پەنجەرەیەکی تیادا نەبوو، بۆ ئەوەی هەوایەک بێتە ژوورەوە. وام هەست دەکرد، کە لەپڕ کەوتبمە نێو لاپەرەکانی کتێبێکی ئەستوورەوە، وەک ئەوەی بمخەنە بەندیخانەیەکی لە کاغەز دروستکراوەوە، ڕستە و وشە و ڕەنگی ڕەشی کتێبەکان، بە شێوەیەک گەمارۆیان دابووم، نەمدەتوانی نە بجووڵێم و نە هەناسە بدەم. لەسەر کورسییەک بەرامبەر مەستانە دانیشتم، هەستم دەکرد منداڵ بوومەتەوە و لەسەر کورسییە تەختە ڕەقەکەی قوتابخانە دانیشتووم. دەموچاومان هێندە لە یەکترییەوە نزیک بوو، کە بە ئاسانی گەردیلەکانی چاوە قاوەییە تۆخەکانیم دەبینی. مەستانە هەستی بە بچووکی ژوورەکە و دانیشتنەکەمان کرد، بە پێکەنینەوە گوتی ئاخر بۆیە حەز دەکەم سەما بکەم، من چۆن دەتوانم لە ژوورێکی ئاوها تەنگ و بێپەنجەرەدا کار بکەم. کە قسەی بۆ دەکردم، هەستم بە بۆنەکەی دەکرد، بۆنی پێستی، بۆنی دەمی، کە لەوە دەچوو بەر لەوەی من ببینێت، پرتەقاڵی خواردبێت. لەپڕ ژوورەکە بوو بە باخێکی گەورەی پرتەقاڵ و حەزم لەو بۆنی پرتەقاڵە بوو، کە لە دەمیەوە دەهاتە دەرەوە، کە هەناسەی دەدا، هەستم دەکرد لە بەردەم دارپرتەقاڵێکدا ڕاوەستاوم و دەمەوێت پیایدا هەڵبگەڕێم. پێم گوت لەوەدەچێت حەزتان لە پرتەقاڵ بێت. کەچی ئەو بە پێکەنینەوە گوتی پرتەقاڵ نا، حەزم لە هەنارە، هەنار. هەنار و هەنجیر.

[پێدەکەنێت]

کە ڕۆیشتم هەرگیز ناگەڕێمەوە.

[وچانێکی کورت]

هەستێکی سەیرم هەبوو، هەستم دەکرد ژەهرم دەرخوارد دەدات!

[سەیرێکی ئەملا و
ئەولا دەکات]

نەشمیل، ئەوە تۆ لە کوێیت؟

[وچانێکی کورت]

یادەوەرییەکان واز لە مرۆڤ ناهێنن و هەر دەمێننەوە. لە دەروونماندا دەمێننەوە. من حەزم لە یادەوەری نییە، حەزم لە وێنەگرتن نییە و ناشمەوێت وێنەکانم بمێننەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە وێنە ناگرم. هەر لەبەر ئەوەیشە من و مەستانە هیچ وێنەیەکمان نییە.

[بێدەنگی]

زوو هەستم بە مەستانە کرد. جاران هەمیشە دەمبەپێکەنین بوو، سەمای دەکرد و گۆرانیی دەگوت، بەڵام لەپڕ وای لێ هات، زۆر کەم زەردەخەنەیەکم بەسەر لێوەکانیەوە دەبینی. وەک کشانی ئەستێرەکانی لێ هاتبوو، جوان و ئەفسووناوی، هەروەها کورت. زەردەخەنەکانی سەر لێوی لە چاوتروکانێکدا نەدەما و خەمە قووڵەکە دایدەگرت. چیی تر سەمای نەدەکرد.

[گاڵتەئامێزانە]

لەپڕ هیچ نەما لەنێوانماندا. هیچمان نەبوو بۆ یەکتریی باس بکەین.

[بیر دەکاتەوە]

دەڵێن مرۆڤ سێ جار دەمرێت.

[نەشمیل دێتە ژوورەوە، بووکەڵەکەی بە باوەشەوەیە و جانتایەکی سەفەریی بە دەستەوەیە، وەک ئەوەی بیەوێت سەفەر بکات]

**نەشمیل**

پرتەقاڵ ناخۆیت؟

**سیامەند**

پرتەقاڵ؟

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، سەر شانۆ نیمچە تاریک دەبێت، وەک ئەوەی نەشمیل مەستانە بێت و کات گەڕابێتەوە]*

**سیامەند**

مەستانە حەزت لە پرتەقاڵ نییە؟

**نەشمیل**

نا، حەزم لە هەنارە. هەنار و هەنجیر.

**سیامەند**

هەنار؟

**نەشمیل**

ئەو ڕۆژە هەنارێکم خوارد، هێندەی سەری خۆم دەبوو.

**سیامەند**

هەنار و هەنجیر!

[بە شێوەیەکی شێتگیرانە پێدەکەنێت]

[بێدەنگی]

[سەر شانۆ بەتەواوی ڕووناک دەبێتەوە]

**نەشمیل**

دەزانیت بابە، دەڵێن مرۆڤ سێ جار دەمرێت.

**سیامەند**

سێ جار دەمرێت؟

**نەشمیل**

یەکەم جار، کە عاشق دەبێت. بە ڕاستی عاشقت دەبێت.

**سیامەند**

کێ؟ کێ عاشق دەبێت؟

**نەشمیل**

دووەم جار، کە شۆڕ دەکرێتەوە بۆ ناو گۆڕەکەی.
سێیەم جاریش، کە بۆ دواجار ناوی دەهێنرێت.

**سیامەند**

ناوی کێ؟

**نەشمیل**

ناوی چی؟

[بێدەنگی]

**سیامەند**

برسیت نییە؟

**نەشمیل**

باوکە، کەی مانگی چوارە؟

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. سیامەند دەچێتە دەرەوە، دەنگی باوبۆران دێت، هەورەبروسکەیەکی بەهێز سەر شانۆکە بۆ ساتێک ڕووناک دەکاتەوە، دوای ئەوە ڕووناکیی سەر شانۆکە بە کزی دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ قسەکانی نەشمیلدا، ئاستی ڕووناکییەکەیش بەرز دەبێتەوە، تا بەتەواوی ڕووناک دەبێتەوە.]*

**نەشمیل**

ئێمە هەرگیز یەکمان نەبینی بوو، بەڵام پێکەوە قسەمان زۆر کردبوو. بۆ چەندان سەعات قسەمان کردووە. بە تەلەفۆن. زۆر بە چڕی و دەربارەی هەموو شتێک؛ ژیان، پەیوەندیی سۆزداری، هونەر. هێندە قسەمان کردبوو، هەستم بە دەنگی دەکرد لە سنگمدا. دەنگی لە

سـنگمدا بـوو، تـۆنی دەنگـی، شـێوەی پێکەنیـنەکەی، گوزارشـتی ئەو شـتانەی پـێکەوە باسـمان دەکـردن، دەبـوونە کـۆمەڵە شـەپۆلێک و لە سـنگمدا دەلەریـنەوە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێـت، کە هەرگیـز ئەوەنـدە بە تەلەفـۆن قسـەم لەگەڵ هـیچ کەسـێکدا نەکردبێـت. شـەویکیان هێندە قسـەمان کرد، تا لەسـەر قەنەفەکە، بە تەلەفـۆنەکەوە خەوم لـێکەوت. کە خەبەرم بـووەوە ژوورەکە ڕوونـاک بـوو، دەنگـی جریـوەی چـۆلەکە و باڵنـدەکانی دەرەوە بە شـێوەیەکی بەهێـز دەهـاتنە نـاو ژوورەکەوە. ئەو پەیوەنـدییەی نێوانمـان بووبـووە کۆشکێک لە وشە، کۆشـکێک چەندان باخچە و ژووری تیـا بـوو، لەو ژوورانەدا، وشـەکانمان دەبـووە نمایندەی ئێمە و ڕووبەڕووی یـەکتریان دەکردینەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵ دەبووەوە. وشەکان لە یەکتری نزیک دەکردینەوە و گفتوگـۆ و قسـەکانمانی قـووڵتر دەکـردەوە. دواتـر دەمویسـت ببیینم. ڕووبەڕوو. نەمدەویسـت چیـی تـر بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا بکەم. ساڵێک قسـەمان کرد، کە بیریشـم لە بینینـی دەکـردەوە، کە پـێکەوە لە ژوورێکـدا دابنیشـین. دەسـت بەریـن بـۆ دەسـتی یەک، سـەیری چاوی بکەم و لە ژوورەکەدا گوێم لە دەنگی بێت...

[وچانێکی کورت]

هەسـتێکی سـەیری لا دروسـت دەکـردم. لەوانەیە جۆرێک بووبێت لە ترس، لە خۆشـی، لە چاوەڕوانی، لە چێژ.

[پێدەکەنێت]

ئەو ڕۆژەی چــووم بیبیــنم، ئەو نەهــات. وەک ئەوە وا بــوو، ئەو کۆشــکەی لە وشــە دروســتمان کردبــوو، بــا بردبێتی.
[وچانێکی کورت]
دوای ئەوە نەخۆشــــکەوتم. ئەو کاتــــانە چێــــژم لە نەخۆشــییەکەم دەبینــی، هەســتم دەکــرد تەواو خــۆمم. خۆمم و کەسی تر نا...
[بیر دەکاتەوە]
من هەمیشــە عەشـق و شـێتێتیم تـێکەڵاو کـردووە. دایکـم پێــی دەگــوتم، کچــم چــۆن وا دەبێــت، کەس ناتوانێــت ئاسمان و مەرگ تێکەڵاو بکـات. مـن لەو قسـەیەی دایکـم هەرگیــز تێنەگەیشــتم. ئاســمان و مەرگ. نەمزانــی مەبەسـتی چیـیە؟ ئەو خـۆی هەمـوو شـتێکی تـێکەڵاو کردبــوو، بەتــایبەتی مەرگ و ژیــان، نەک ئاســمان و مەرگ.
[پێدەکەنێت]
من لە دایکم تێنەگەیشتم. ئێستایش لێی تێناگەم!
[گۆرانی دەڵێت]
ڕۆحم لە با
با بۆ ئەوێی بردم
ئەویَ کە دەمتوانی خەونی لیَ ببینم...
[بێدەنگییەکی کورت]
چ زەحمەتە ڕووناکی لە تاریکی جیا بکەیتەوە، لەوەیش زەحمەتتــر ئەوەیە تەنهــا بیــت و چیــی تــر کــات بــوونی نەمابێت، هەسـت بکەیـت لە دەرەوەی کـات و شـوێنیت. ترسی ئەوەم هەیە...

[دەوەستێت و سەیرێکی
چواردەوری خۆی دەکات]
ترسی ئەوەی لە خۆم نزیک ببمەوە.
[بێباکانە، ڕووەو بینەران]
ڕاستە ئەو کەسانە بەختەوەرن، کە خودا لە بیریان دەکات.
[وچانێکی کورت]
هەستم دەکرد لەو ڕۆژەوەی دایکم ئێمەی بەجێهێشت و لەم ماڵە چووە دەرەوە، باوکم زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت، هەرچەندە هەوڵی بدایە و هەنگاوەکانی خێراتر بکردایە، هێواشتر دەڕۆیشت، هەر وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بڕوات، وەک ئەوەی نەزانێت بۆ کوێ دەڕوات.
[بە هێواشی]
خەم و ئازار، وەک ئەوە وایە بەناو پۆلە باڵندەیەکی ڕەشدا بسووڕێیتەوە.
[نیگەرانە]
هەموو مرۆڤێک گیانەوەرێکی دڕندە لە ناخیدا خۆی حەشارداوە و کەی بیەوێت دەردەکەوێت، تۆڵە دەکاتەوە و تۆڵەی لێ دەکرێتەوە.
[پێدەکەنێت]
من هیچ لە جوگرافیا نازانم و هەرگیز سەفەرم نەکردووە.
[دەچێتە بەر پەنجەرەکە و
سەیری دەرەوە دەکات]
بارانە!

[بێدەنگییەکی کورت]
[یاری لەگەڵ بووکەڵەکەی دەکات]
تـــامەزرۆی بینینـــی ئەو تیشـــکەم، کە لە خـــۆرەوە دەردەچێـــت. یەکەم تـــاڵە گەرمەکـــانی تیشـــک، کە بە خێرایی لە خۆرەوە بڵاودەبێتەوە.

[سەیرێکی ئەملا و ئەولای خـــــۆی دەکات]

سەرمامە. سەرمامە و برسییشمە.
[سیامەند دێتە ژوورەوە]

**سیامەند**

حەزم لە چایەکە.

**نەشمیل**

باشی باوکە؟

**سیامەند**

باشی باوکە؟
[هەردووکیان پێدەکەنن]
بارانەکە خۆشی نەکردووەتەوە؟
[وچانێکی کورت]
[سەیری نەشمیل دەکات]
چاوەکانت هەر وەک خۆیانن.

**نەشمیل**

چاوی کێ؟
[وچانێکی کورت]
لەگەڵ منت بوو؟

**سیامەند**

چاوەکانت هەر وەک خۆیانن. چاوە جوانەکانت. تۆ دەزانی هەموو شتێک دەگۆڕدرێت چاو نەبێت! نیگای چاو لە منداڵییەوە چۆن بووە، تا مردن هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**نەشمیل**

بابە تۆ لەو بڕوایەدا بوویت...
[سیامەند قسەکەی پێ دەبڕێت]

**سیامەند**

من بڕوام بە هیچ نییە!
[پێدەکەنێت]

**نەشمیل**

دواجار تۆ دەبێ بڕوات بەوە هەبێت، کە دوو جۆر لە ڕاستی هەیە، ئەوەی خۆمان تیایدا دەژیین و دەیبینین، ئەوەیشی لە دەرەوەی ئێمەیە و خۆی لە خۆیدا ڕاستییە.

**سیامەند**

زۆر بێهێز و ناساغم، جەستەم نا دڵ، دڵم.

[وچانێکی کورت]

دڵم.

[پێدەکەنێت]

هەنـدێک جـار خەمێکـی قـووڵ، وەک ژەهـر وایە و بە جەستەمدا بڵاودەبێتەوە و...

[نەشمیل قسەکەی پێ دەبڕێت]

**نەشمیل**

من و تۆ و نەشمیل سەفەرێکمان هەر نەکرد.

**سیامەند**

نەشمیل؟

**نەشمیل**

بەڵی، نەشمیل

[بـووکەڵەکەی بەرز دەکـاتەوە و پیشـانی سـیامەندی دەدات]

نەشمیل

[پێدەکەنێت]

**سیامەند**

ئا، نەشمیل!

**سیامەند**

من و تۆ و بەفر.

**نەشمیل**

بەفری چی؟

**سیامەند**

جارێکیــان دایکــت پێــی گــوتم مــن لە تــۆدا بەفــر و گوڵەبەڕۆژەم خۆش دەوێت.
[بێدەنگی]
ئەمشەو خەونێکی ناخۆشم بینی!

**نەشمیل**

بە دایکمەوە؟

**سیامەند**

ژنێکــی نەناســراو هــاتە ژووری نوســتنەکەم. ســەرتاپا جلـی ڕەشـی لە بەردا بـوو. کە لە خەونەکەمـدا خەبەرم بـووەوە، لای قـاچی چرپـاکەمەوە ڕاوەسـتابوو، چـاوی بڕیبـووە نـاو چـاومەوە و پێـدەکەنی، زۆر بە ناشـیرینی پێـدەکەنی، وەک ئەوەی گـاڵتەم پـێ بکـات. لەپـڕ لەنـاو تاریکییەکەدا ون بوو. منیش خەبەرم بووەوە.

**نەشمیل**

دەزانیت بەفر هیچ کات بۆ مـن نەبـووەتە یادگـاری. هـیچ وێنەیەکمان لەناو بەفردا نییە.
[لە سیامەند نزیک دەبێتەوە]
لەگەڵ تۆیشدا

**سیامەند**

چی لەگەڵ مندا؟

**نەشمیل**

هیچ یادەوەرییەکم لەگەڵ تۆیشدا نییە لەناو بەفردا. لە شەڕە بەفرێکدا.

[هەردووکیان پێدەکەنن]

**سیامەند**

کوا لێرە هێندە بەفر دەبارێت!

[وچانێکی کورت]

جارێکیان تۆ منداڵ بوویت و بەفرێکی زۆر باری، سەیری شوێنپێیەکانمت لەناو بەفرەکەدا دەکرد. زۆر بە لاتەوە سەیر بوو. جێپێیەکانی من زۆر گەورە و ئەوانەی تۆیش بچووک، بچووک.

**نەشمیل**

هەندێک جار حەزم لە شەڕەبەفرە.

**سیامەند**

ئەو ڕۆژە، بە چیلکەیەک لەناو بەفرەکەدا وێنەیەکی مەستانەم کێشا.

[پێدەکەنێت]

**نەشمیل**

چەند حەزم لە شەوە. شەو هیی منە، هیچ کەسێک دەسەڵاتی بەسەر شەوەکانمدا ناشکێت. لە تاریکی شەودا بە بێدەنگ دەجووڵێم، لەناو تارمایی و سێبەرە ڕەشەکاندا دەژیم، ژیانی خۆم لەگەڵ بێدەنگیدا دەبەمە

سـەر، هەر لەبەر ئەوەیشـە، کە دەزانـم یەکێک بە چرپە قسـە دەکـات، ناترسـم و هـیچ کارەسـاتێکیش لە ئـارادا نییە.

**سیامەند**

کە ئەو ڕۆیشــت، هــیچ گەرمــایەک، هــیچ ســەرمایەک نەیگەڕاندەوە.

**نەشمیل**

دەزانیـت بـابە، مـن ئێسـتا لە هـیچ شـتێک ناترسـم، نە لە شەو و نە لە خەڵکی نەناسراو...
[وچانێکی کورت]
لەوەیش ناترسم بمرم.

**سیامەند**

وێنەکەیش لەناو بەفرەکەدا دیار نەما.
[وچانێکی کورت]

**نەشمیل**

وێنەی چی؟

**سیامەند**

وێنەکەی دایکت، کە لە بەفرەکەدا دروستم کردبوو.
[پێدەکەنێت]
تـۆ بە سـەریدا ڕۆیشـتیت و بەفـری تـریش بە سـەریدا باری.

**نەشمیل**

حەزم لە شەوە.

[وچانێکی کورت]

زۆر جار بە شەو دەگریام.

[بە هێواشی]

هەرگیز نەمهێشتووە کەس بمبینێت بگریم.

[یــاری لەگەڵ بــووکەڵەکەی دەستی دەکات و قسـەی بۆ دەکات]

ئەریێ تۆ بۆ منت خۆش ناوێت؟

**سیامەند**

لەگەڵ منت بوو؟

**نەشمیل**

نا، نا لەگەڵ نەشمیلمە!

[بــــووکەڵەکەی بـــۆ بەرز دەکاتەوە و پیشانی دەدات]

[هەردووکیان پێدەکەنن]

[دەنگــی بــاران و هەور و بروسکە دێت]

[بێدەنگی]

سەرمامە.

**سیامەند**

تـۆ بەشـێکی لە خـۆم و بـۆ هەر شـوێنێک بـڕۆم لەگەڵ خۆمدا دەتبەم. ئێمە منداڵی یەکین؛ یان ڕاستر تۆ منداڵی منـی و لە ڕۆحمـدایت. هەرگیـز ئەو هەسـتەم بـۆ هـیچ کەسێکی تر نەبووە و نابێت. هیچمـان نامانەوێت گەورە ببـین، ئـێمە وەک دوو منـداڵ وایـن پـێکەوە. شـــەڕمان دەبێت، دەمەقاڵێ، دەگریین، پێدەکەنین و پێکەوە خەمبـار دەبـین. کە تـۆ خەمبـار دەبیـت، منـیش خەم دامـدەگرێت، کە ئـازارت هەبێـت، منـیش ئـازار دەچێـژم، وەک ئەوەی دەزوولەکانی جەستە و مێشکمان پێکەوە بەسترابن.

**نەشمیل**

حەزم لە سەمایە!

**سیامەند**

سەما؟

**نەشمیل**

حەز دەکەم لەگەڵ بادا سەما بکەم!

**سیامەند**

با بڕۆین.

**نەشمیل**

بۆ کوێ؟

**سیامەند**

دەچین بۆ شوێنێک لەگەڵ بادا سەما بکەین!

**سیامەند/نەشمیل**

[هەردووکیـــــــان
پـــێکەوە گـــۆرانی
دەڵێن]

دونیا بە جۆرێک سارد دەبێت
بەر لەوەی دڵخۆشییەکە ببێتە خەندەیەکی گەش و
بەسەر لێوەکانەوە بنیشێت
دەیبەستێت.

**سیامەند**

وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت.
[سەیری نەشمیل دەکات]
وەک ئەوەی چیی تر نەتوانم لە ژیاندا هەناسە بدەم...
[وچانێکی کورت]
[دوور دەڕوانێت]
ئەگەر گوێم لە دەنگی ئەو نەبێت.

*[ڕووناکی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، دەنگی گۆرانییەک دێت، سیامەند دەچێتە بەر پەنجەرەکە و سەیرێکی دەرەوە دەکات، نەشمیل یاری بە بووکەڵەکەی دەکات و دەنگی باران و هەور و بروسکە دێت. نەشمیل دەچێت بۆ لای سیامەند]*

**نەشمیل**

باشی باوکە؟

**سیامەند**

باشی باوکە.
[هەردووکیان پێدەکەنن]

**نەشمیل**

بارانەکە خۆشی کردووەتەوە.

**سیامەند**

لەوە ناچێت!

**نەشمیل**

کەواتە ناڕۆین؟

**سیامەند**

دەمێکە باران دەبارێت.

**نەشمیل**

دەمێکە.

**سیامەند**

چیی تر چاوەڕوانی ئەوە ناکەین بارانەکە خۆش بکاتەوە.

**نەشمیل**

با بڕۆین!

*[نەشمیل و سیامەند بەرەو ناوەندی شانۆکە دەڕۆن، نەشمیل بووکەڵەکە لەسەر جانتاکە دادەنێت، دەستی سیامەند دەگرێت و پێکەوە دەچنە دەرەوە.]*

[دەنگی باران و هەور و بروسکە دێت.]

مۆسیقا

**تاریکی**

٢٠١٩/٣/٢٥

## له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١ـ شانۆی توندوتیژی لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨
٢–گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥
٣–ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای
سەردەم، چاپی کوردستان.
٤–ستریندبێری و سۆناتای تارمایی لەنێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد
٥–پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان.
٦–پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد
٧–شانۆی سوێدی، هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦
٨–مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧
٩–مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧
١٠–هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩
١١–شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠
١٢–لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠
١٣–چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠
١٤–تەرمینال. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١
١٥–پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا. دەزگای سەردەم، ٢٠١٣

١٦-ئاوگوست ستریندبێرگ، ژیانی مرۆڤێکی بێدەرەتان و نووسەرێکی ڕچەشکێن، بیۆگرافیا و ڕاڤەکردن. دەزگای سەردەم، ٢٠١٤

١٧-پەڕینەوە بە مەرزەکاندا. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٤

١٨-ژان ژینییە ئەفسانە و واقیع، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥

١٩-تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢٠- هارۆڵد پینتەر، شانۆیەکی سیاسیی و گەمەی دەسەڵات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٥

٢١-تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٢-لاش نۆرێن، هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦

٢٣-ئەنتوان چێخەف لە پلاتۆنۆڤ-ەوە بۆ باخی گێلاس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧

٢٤-ساڵێک لەگەڵ کیژۆڵەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨

٢٥-من و تۆ لەگەڵ با دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨

٢٦-خەونەنمایشێک، سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیزم لە شانۆی ئەورووپیدا، ناوەندی شانۆی تاڤ، ٢٠١٨

٢٧-ژیانێکی تر، شیعر، دانا رەئووف، وەرگێڕانی کەریم تاقانە، وەشانخانەی باڵندە، ٢٠١٩

٢٨-بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین تاریک داهات!، لە بڵاوکراوەکانی گرووپی شانۆی گۆدۆ، ٢٠١٩

**بە سویدی**

١-ڕەوش و داهێنان، لێکۆڵینەوەی شانۆ، دەزگای کاڵسۆن، ٢٠٠٨

٢-ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣-دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سویدی. ٢٠٠١

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢٠

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٩٢٩ | دایکم | تاهیر بن جەللون | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٩٣٠ | پەیوەندیی مامۆستا و قوتابی | هەورامان وریا قانع | |
| ٩٣١ | پاڵەوانی هەزارڕوو | جۆزیف کامبڵ | سەلاح حەسەن پاڵەوان |
| ٩٣٢ | خود، کۆمەڵگە و دژەکانیان | بەکر عەلی | |
| ٩٣٣ | وێڵگەی شەیتان | بورهان شاوی | حەمەڕەشید |